وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سەلاحەددین/ کۆلێژی ئاداب

بەشی کۆمەڵناسی ئێواران

کۆرسی دووەم

## دەرسگوتاری:

# چاکسازی تاوانباران

## قۆناغی چوارەمی بەشی کۆمەڵناسی



**مامۆستایی بابەت:**


**پ.ی.د. زانا أحمد پیرداود**

**م. ی. روستم صابر مصطفى**

# پێرست ( ناوەڕۆك )

| ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|
| پێرست (ناوەڕۆك) | أ-ب |
| پێداویستییەکانی چاکسازی تاوانباران لە بەندیخانەکاندا | ١ |
| تەوەرەی یەکەم: پێداویستییە ناوەکییەکانی چاکسازی تاوانباران لە بەندیخانەکاندا | ١ |
| یەکەم: پرۆگرامی پێشوازی: (پشکنین- پۆلێنکردن): | ١ |
| ١- پشکنین: (پێناسە، گرنگی، جۆرەکانی پشکنین: (پزیشکی: بایلۆجی، عەقلی، دەروونی)، کۆمەڵایەتی، ئەزموونی، قۆناغەکانی پشکنین) | ١ |
| ٢- پۆلێنکردن: (پێناسە، گرنگی، جۆرەکانی دابڕاندن: ڕەگەز، تەمەن، ماوەی سزای ڕابردووی تاوانبار، سەرکۆنەکردن، تەندروستی، سیستەمەکانی پشکنین و پۆلینکردن). | ٤ |
| دووەم: پرۆگرامی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی: (پێناسە، بنەماکانی، ڕێگاکان: ١- ڕێگاکانی خزمەتی تاك، پرۆسەی پێشوازی تاوانباران، یارمەتیدانیان بۆ رووبەڕوبوونەوەی گرفتەکانیان، چۆنیەتی چارەسەرکردنی گرفتەکانیان، ٢- ڕێگاکانی خزمەتی بە کۆمەڵ و ئەنجامەکانی، ٣- ڕێگاکانی ڕێکخستنی کۆمەڵگا و ڕۆڵی پیشەیی توێژەری کۆمەڵایەتی لەبواری ڕێکخستنی کۆمەڵگا لەناو بەندیخانە). | |
| سێیەم: پرۆگرامی خزمەتگوزاری تەندروستی: (گرنگی، یەکەم- شێوازی خۆپاراستن: ١- شوێن و بینایەی دامەزراوەی چاکسازی، ٢- خواردەمەنی، ٣- پاك وخاوێنی بەندکراو، ٤- چالاکی وەرزشی، دووەم- شێوازی چارەسەرکردن: ١- پشکنینی بەندکراو، ٢- چارەسەری بەندکراو. ڕۆڵی پزیشك لە دامەزراوە چاکسازاییەکان). | |
| چوارەم: پرۆگرامی کارکردن: (مەبەستەکانی، گرنگی، مەرجەکانی، سیستەمەکانی). | |
| پێنجەم: پرۆگرامی فێرکردن: گرنگی، جۆرەکانی فێرکردن: أ/ فێرکردنی گشتی، ب/ فێرکردنی هونەری، شێوازەکانی فێرکردن: أ- وانە وتنەوە، ب- کتێبخانە، ج- ڕۆژنامە، د- چالاکی ڕۆشنبیری و ڕابواردن. | |
| شەشەم: پرۆگرامی پەروەردەی ئایینی و ڕەوشتی: (پەروەردەی ئایینی و پەروەردەی ڕەوشتی). | |
| حەوتەم: پرۆگرامی سزای تەمبێکردن و پاداشت: أ/ سزای تەمبێکردن (گرنگی، مەرجەکانی)، ب/ پاداشت (گرنگی، جۆرەکانی ) |  |

| ناونیشان | لاپەڕە |
| --- | --- |
| هەشتەم: پرۆگرامی پەیوەندی بە جیهانی دەرەوە: (گرنگی، جۆرەکانی: سەردان، مۆڵەتی خێزانی، ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندی تەلەفۆنی). | |
| نۆیەم: بینایەی بەندیخانە: گرنگی، مەرجەکانی: أ/ شوێنی بینایەی بەندیخانە، ب/ پێکهاتەی بینایەی بەندیخانە، ج/ قەبارەی بینایەی بەندیخانە. | |
| دەیەم: سیستەمی بەڕێوەبردنی فەرمانگەی چاکسازی | |
| تەوەرەی دووەم: پێداویستییە دەرەکییەکانی کاری چاکسازی: | |
| یەکەم: سیستەمی ئازادکردنی ئازادی مەرجدار (پێناسە، گرنگی، مەرجەکانی). | |
| دووەم: پرۆگرامی چاودێری دوایینە (پێناسە، گرنگی، شێوەکانی). | |
| سەرچاوەکان | |

# پێداویستییەکانی چاکسازی تاوانباران لە بەندیخانەکاندا

## تەوەرەی یەکەم: پێداویستییە ناوەکییەکانی چاکسازی تاوانباران لە بەندیخانەکاندا

ئامانجی سەرەکی سزای زەوتکردنی ئازادی لە سەردەمی ئەمرۆ چاکساری بەندکراو و ڕاهێنانیەتی، لە ماوەی بەندکردنی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ژیان دوایی جێ هێشتنی بەندیخانە بە دەروون و بەهایەکی کۆمەڵایەتی بەرزەوە، بەتوانایەکی جەستەیی و عەقڵی گونجاو، تا بتوانێ پشت بە خۆی ببەستێ بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی ژیانی و توانای هەڵگرتنی لێپرسراویەتی و ڕێزی یاسای هەبێت.

بۆئەوەی بەندیخانە توانای هەبێت بە شێوەیەکی سەرکەوتوو ئەو ئامانجانەی سەروو جێبەجێ بکات، ئەمەش پێویستی بە بوونی کۆمەڵێك لە پرۆگرام یان شێوازی مامەڵەی چاکسازییە، ئەو شێوازانەش جۆراوجۆرن وەك خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و تەندروستی و پرۆگرامی فێربوون و پرۆگرامی ئاینی و ڕەوشتی و کارکردن و پرۆگرامی پەیوەندی بەجیهانی دەرەوە و پرۆگرامی سزاو پاداشت... هتد .

لەبەرئەوەی توانای چاکسازی و ڕاهێنانی بەندکراوان جیاوازە و هۆکاری تاوانیشیان جیاوازە، بەپێی جیاوازی کەسایەتی و تایبەتمەندییەکانیان، ئەوە پێویستی بە پشکنینی گشت بەندکراوانە لە ڕووی عەقڵی و دەروونی و جستەیی و کۆمەلایەتی بەمەبەستی دەستنیشانکردنی شێوازی مامەڵەی چاکسازی گونجاو و پێویست بۆ هەریەکێکیان و پۆڵین کردنیان و ئاراستەکردنیان بۆ بەندیخانەی بەشی شیاو، ئەمەش پێویستی بە هێزێکی مرۆیی مەشق پێکراو و ڕاهێنراو هەیە تا ئەو شێوازانەی کە لە سەروو باسکرا بەشێوەیەکی زانستی و هونەری جێبەجێبکات، لە کۆتاییدا پێویستە بینایەك هەبێت کە هەموو مەرجە تەندروستی و هونەرییەکانی تیایدا بێت.

### یەکەم: پرۆگرامی پێشوازی ( پشکنین- پۆلینکردن ):

١- **پشکنین:** لەبەرئەوەی تاوان بەرهەمی فاکتەری ناوەکی و دەرەکییە و، جێبەجێکردنی سزا مەبەستی ڕاهێنانی بەندکراوە لە ڕێگای نەهێشتنی فاکتەرەکانی تاوان و، هیچ ڕێگایەکمان نییە بۆ ئاشکراکردنی ئەو فاکتەرانە تەنانەت پشکنین نەبێ، بۆیە پێویستە گشت بەندکراوان پشکنینیان بۆ بکرێت بەمەبەستی ئاشکراکردنی هۆکارەکانی تاوانکردن لەلایەك، دۆزینەوەی ڕێگاکانی ڕاهێنان و چاکسازی لەلایەکیتر.

**پێناسەی پشکنین:** توێژینەوەیەکی زانستییە بۆ کەسایەتی بەندکراو لە هەموو لایەنە تاوانکاریە جیاوازەکانی بۆ گەیشتن بە کۆمەڵێك زانیاری کە ڕێگا دەدات بەجێبەجێکردنی سزای زەوتکردنی ئازادی بەشێوەیەکی ڕاست و دروست، واتا پشکنین ڕێگە خۆشکەرە بۆ دەستنیشانکردنی پرۆگرامی چاکسازی کە ئامانجەکەی لابردنی مەترسی بەندکراوە لەسەر کۆمەڵگا و، هەروەها گەشەکردن بەتواناکانی ڕاهێنانی و ئامادەکردنی بۆ گەڕانەوە بۆ کۆمەڵگا.

هەروەها پشکنین دەستنیشانی ڕادەی شیاوی بەندکراو دەکات بۆ ئازادکردنی مەجدار، جگە لە ئاشکراکردنی کێشە و گرفتەکانی بەندکراو و چۆنیەتی چارەسەرکردنیان و، چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی مەرجێکە بۆ جێگیری بەندکراو و

وەڵامدانەوەی بۆ پرۆگرامەکانی چاکسازی، بۆئەوەی پشکنین ئامانجەکانی خۆی جێبەجێ بکات دەبێت ئاراستەی کەسایەتی بەندکراو بکرێت و لەبەرئەوەی فاکتەرەکانی تاوان ڕەنگە ناوەکی بن، جا پێویست دەکات پشکنینی پزیشکی بۆ بەندکراو بکرێت، ڕەنگە فاکتەرەکانی دەرەکی بن جا ئەمەش پێویست دەکات توێژینەوە بۆ لایەنە کۆمەڵایەتییە کەسایەتیەکەی بکرێت، پێویستی چاکسازی وا دەخوازێت بەردەوام بێت بۆ پشکنینی ئەزموونی کە فەرمانبەرە کارگێرییەکان جێبەجێی دەکەن.

## جۆرەکانی پشکنین:

**یەکەم/ پشکنینی پزیشکی:** ئەو جۆرە پشکنینە ئاراستەی باری تەندروستی بەندکراو دەکرێت لەلایەنی جەستەیی و عەقلی و دەروونی؛ بۆ ئاشکراکردنی ئەو نەخۆشیانەی ئەگەری لێدەکرێت ڕۆڵیان بینیبێت لە دروستبوونی تاوانەکان و لەهەمانکات بەربەستێك دەبن لە بەردەم ڕێگاکانی ڕاهێنان لە دوا ڕۆژ ئەگەر بەشێوەیەکی چاك چارەسەر نەکرێت.

## جۆرەکانی پشکنینی پزیشکی:

أ- **پشکنینی بایلۆجی:** مەبەست لەم پشکنینە پزیشکییە گشتییەیە کە بۆ بەندکراو دەکرێت بۆ ئاشکراکردنی سروشتی جەستەی بەندکراو و ڕادەی لەش ساغی و وەسفکردنی نەخۆشییەکان؛ ئەگەر بوونی هەبوو لەگەڵ دانانی ڕێگای چارەسەرکردنیان، ئەو جۆرە پشکنینە گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ دەستنیشانکردنی پرۆگرامی مامەڵەی چاکسازی، چونکە لەلایەکەوە ئاشکرای ئەو نەخۆشییە جەستەیی و ئۆرگانیانە دەکات کە بەربەست دەبن لە بەردەم ڕێگاکانی ڕاهێنان؛ جا هەوڵ و کۆششەکان ئاراستە دەکرێت بۆ چارەسەرکردنیان، لەلایەکی دیکەوە ئاشکرای تایبەتمەندییە تەندروستیەکانی بەندکراو دەکات کە ڕەنگە پێویستی بە جۆرێکی تایبەت بێت لەمامەڵەکردن، یان ئاراستەی دەزگایەکی تایبەتمەند بکرێت بۆ نەخۆشیەکەی یان پێویستی بە جۆرێکی تایبەت بێت لە کارکردن.

ب- **پشکنینی عەقلی:** ئەم جۆرە پشکنینە ئاراستەدەکرێت بۆ ئاشکراکردنی باری عەقڵی و ئاستی ژیری و زیرەکی بەندکراو، گرنگی ئەو پشکنینەش لەوەدایە کە گونجانێك دروست دەکات لەنێوان توانای عەقڵی بەندکراو و ئەو شێوازانەی مامەڵەی چاکسازی کە بۆی دادەنرێت، ڕەنگە ڕەوانەی دەزگایەکی تایبەت بکرێت بۆ ڕێزپەرەکان، ئەو جۆرە پشکنینەش ڕێگا دەدات بەپێدانی زانیاری پێش وەختە بۆ دەستەی بەڕێوەبردنی بەندیخانە سەبارەت بە ڕەفتاری چاوەڕوانکراو لە بەندکراو لە کاتی جێبەجێکردنی شێوازەکانی مامەڵەی چاکسازی بەسەریدا، ئەمەش ڕێگا دەدات بە مامەڵەکردن لەگەڵ بەندکراوەکە بەشێوەیەکی دروست و زانستیانە، ئەو جۆرە پشکنینە لەسەردەمی ئەمرۆ گرنگیەکی زۆری هەیە لەبەر پێشکەوتنی ڕۆڵی پزیشکی عەقلّیەوە، چونکە ڕۆڵەکەی تەنیا چارەسەرکردنی نەخۆشییە عەقلّییەکان نییە، بەڵکو دەستنیشانکردنی شێوازی مامەڵەی چاکسازییە کە پەیوەندی بە توانای عەقڵی بەندکراو هەیە. پسپۆری دەنیمارکی (ستڕۆپ)دەڵێ ڕۆڵی پزیشکی عەقڵی سەبارەت بە بڕیارلەسەردروان توێژینەوەی توانای ڕاهێنان و چۆنیەتی گەشەکردنی.

ج- **پشکنینی دەروونی:** ئەو پشکنینە توانای ئاشکراکردنی ئەگەری ئەو نەخۆشییە دەروونیانەی هەیە، کەتوشی بەندکراو دەبن، ڕێ لە ڕێگایەکانی چاکسازی و چارەسەرکردنیان دەگرن، لەهەمانکات ڕەنگە ڕۆڵیان بینیوە لە دروستبوونی تاوانەکە،

کە پێویستە چارەسەر بکرێت، چونکە چارەسەرکردنیان دەبێتەهۆی لابردنی مەترسی تاوانی لە کەسایەتی بەندکراو لەلایەکەوە، نەهێشتنی فاکتەرەکانی گەڕانەوە بۆ تاوان لەدوارۆژ لەلایەکیترەوە.

**دووەم/ پشکنینی کۆمەڵایەتی :** بریتییە لە توێژینەوەی ژینگەی کۆمەڵایەتی تاوانبار بەتایبەتی پەیوەندییە خێزانیەکانی، جا ئەو پەیوەندییە لەگەل باوکی بێت یان دایکی یان براو کەس و کاری بێت، هەروەها بارودۆخی لەناو ناوەندە کۆمەڵایەتیەکەی کەتیایدا ژیاوە و پەیوەندی بە هاوڕێکانی لە گەڕەك و شوێنی کارکردندا و ئاستی ئابووری و پلە کۆمەڵایەتی و لایەنە ڕۆشنبیریەکەی...هتد.

**ئامانجەکانی پشکنینی کۆمەڵایەتی :**

١- ئاشکراکردنی ئەو فاکتەرە کۆمەڵایەتیانەی ڕۆڵیان بینیوە لەدروستبوونی تاوانەکە.

٢- ئاشکراکردنی توانای ئاوێتەبوونی بەندکراو و دووبارە گونجانی کۆمەڵایەتی لەگەڵ کۆمەڵگا.

٣- هەوڵدان بۆ گەیشتن بە دیاریکردنی ئەو گرفتە کۆمەڵایەتییانەی کە بەندکراو پێوەی دەناڵێنێت و چارەسەرکردنیان، کە چارەسەرکردنی مەرجێکە بۆ جێگیری دەروونی لەکاتی جێبەجێکردنی سزایی زەوتکردنی ئازادی.

**سێیەم/ پشکنینی ئەزموونی :** ئەو پشکنینە، توێژینەوەیەکە دەستەی کارگێری ئەنجامی دەدات لەڕێگای تێبینی هەڵسوکەوت و ڕەفتاری بەندکراو؛ لەکاتی جێبەجێکردنی سزای زەوتکردنی ئازادی بەتایبەتی هەڵوێستی بەندکراو بەرامبەر بە دەستەی بەڕێوەبردن و پەیوەندی بەبەندکراوەکانی دیکەو، ڕادەی پابەندبوونی بە ڕێسا و یاساکانی بەندیخانە و ئەو پرۆگرامانەی کە بۆی دەستنیشانکراوە.

## قۆناغەکانی پشکنین :

١- **قۆناغی یەکەم :** قۆناغی دابرانی بەندکراوە یان جیاکردنەوەیەتی لە بەندکراوەکانی تر و دانانی لە ژوورێکی بە تەنیا بۆ ئەنجامدانی پشکنینی هونەری، واتا پشکنینی جەستەیی و عەقڵی و دەروونی و کۆمەڵایەتی، گرنگی جیاکردنەوە و دابڕانەکە لەوەدایە تا بەندکراو کاریگەری بڕیار لەسەردراوەکانیتری لەسەر نەبێت و کەسایەتیەکەی ڕوون بێت و زانیارییەکانیشی ڕاست بێت.

٢- **قۆناغی دووەم :** قۆناغی کۆکردنەوەی بەندکراوە لەگەڵ بڕیار لەسەردراوەکانیتر، بەمەبەستی ئەنجامدانی پشکنینی ئەزموونی.

٣- **قۆناغی سێیەم :** قۆناغی خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەنجامەکانی پشکنینی هونەری و کارگێریە و، ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری لەنێوان پسپۆڕان و دەستەی کارگێری بۆ دەستنیشانکردنی شێوازی مامەڵەی چاکسازی گونجاو و پێویست بۆ بەندکراو، بەمەرجێك نوێنەری دادگا لەو قۆناغە بەشدار بێت بۆ دەستنیشانکردنی بارودۆخی یاسایی بەندکراو لەکاتی جێبەجێکردنی سزا.

بۆئەوەی ئێمە بزانین تاچەند کەسایەتی بەندکراو گۆڕانی بەسەر داهاتووە و بۆ زانینی ڕادەی گونجان و شیاوی ئەو پرۆگرامانەی کە لە بەندیخانە بۆی دەستنیشانکراوە، دەبێ پشکنین بەردەوام بێت بەدرێژایی ماوەی سزای زەوتکردنی ئازادی بەشێوەی خولی ئەنجام بدرێت، چونکە ڕەفتاری مرۆڤ گۆڕانی بەسەر دادێت و پێشکەوتن بەخۆیەوە دەبینێ کاتێك کە پرۆگرامی چاکسازی بەسەردا جێبەجێدەکرێت، هەروەها ئەو بەدواداچوونە یاخود بەردەوامی پشکنین سودی هەیە بۆ هەڵسەنگاندنی ڕاست و دروستی ئەنجامەکانی پشکنینی یەکەم کاتێك دەردەکەوێت پێویستی بە چاککردنە یاخود گۆڕانە، ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕینی پرۆگرامەکان و جۆری بەندیخانەکان.

٢- **پۆلێنکردن:** بریتییە لە دابەشکردنی بەندکراوان بۆ چەند کۆمەڵێکی لێکچووی هاوشێوە لەڕووی ڕەگەز و تەمەن و جۆر و سروشتی تاوان و جۆری سزا و ماوەکەی و گەڕانەوە و ڕەوشی تەندروستی دەروونی و عەقڵی و جەستەیی و ڕەوشی کۆمەلایەتی و تواناکانی ڕاهێنان، لە ڕێگای دابەشکردنیان بۆ بەندیخانە هەمەجۆرەکان لەناو بەندیخانە بۆ بەشی دیاریکراو، دەچێتە ژێر مانای پۆلێنکردن، دەستنیشانکردنی مامەڵەی چاکسازی و چاککردنەوەی بەپێی ئەو گۆڕانکاریەی کە بەسەر کەسایەتی بەندکراو دادێت.

واتا پۆلێنکردن بریتییە لەدابەشکردنی بەندکراو بۆ چەند کۆمەڵێك بەمەبەستی دیاریکردنی جۆری بەندیخانە و شێوازی مامەڵەی شیاو. ڕێسایەکانی لایەنی کەمی مامەڵەکردن لەگەڵ تاوانبار کە لەساڵی ١٩٥٥ لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکان دەرچوو کە (دەڵێ ئامانجی پۆلێنکردن بریتییە لە جیاکردنەوەی ئەو تاوانبارانەی کە ئەگەری لێ دەکرێت کاریگەری خراپی لەسەر ئەوانیتر هەبێ بەهۆی ڕابردووی تاوانیان).

**ئەو پرۆگرامانەی کە لەڕێگای سیستەمی پۆلێن کردنەوە بۆ بەندکراوان دادەنرێت پشت بەئەنجامەکانی پشکنین دەبەستێت ( ئەم بابەتانەش لەخۆ دەگرێت )؟**

١- پلەی پاسەوانیەتی، ٢- دەستنیشانکردنی بەندیخانەی شیاو، ٣- بڕی ئەو خزمەتگوزارییە تەندروستی و کۆمەلایەتییەی کە پێویستی پێی هەیە، ٤- دیاریکردنی ئاستی فێربوون و ڕۆشنبیری کە پێویستی پێی دەبێت، ٥- دەستنیشانکردنی پەروەردەی ئاینی و ڕەوشتی کە کاری تێدەکات، ٦-دەستنیشانکردنی ئەو کارەی کەلەگەڵیان گونجاوە، ٧- چۆنیەتی بەسەربردنی کاتی بەتاڵی لەبەندیخانە، ٨- ڕادەی بەشداریکردنی لە چالاکییە هونەری و وەرزشییەکان کە لەگەڵ تواناو تایبەتمەندی حەز و ئارەزووەکانی بگونجێت، ٩- دەستنیشانکردنی ڕێگاکانی کۆنترۆڵکردنی ڕەفتاری بەندکراوان لە بەندیخانە، ١٠- دەستنیشانکردنی ئامرازەکانی ڕێکخستنی پەیوەندی بەجیهانی دەرەوە.

پرسیار/ لەبەرچی هەوڵ و کۆششەکانی پۆلێن کردن ئاڕاستەی بەندکراو دەکرێت کەماوەی سزایان درێژە یان گونجاوە؟

١- توانای بەندیخانە لەڕووی ماددی و هونەریەوە سنوردارە، ڕەنگە نەتوانن هەموو بەندکراوان پۆلێن بکەن.

٢- ڕێوشوێنەکانی پشکنین و پۆلێنکردن کاتی دەوێت، جا ئەگەری لێدەکرێت ماوە نەمێنێت بۆ جێبەجێکردنی پرۆگرامەکان بەسەر بەندکراوە ماوە سزا کورتەکاندا، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا جیاکردنەوە لە بەندکراوەکانیتر (ئەوەی ماوەی سزاکەیان درێژە) تا کاریگەری خراپیان لەسەر نەبێت.

## پۆلێنکردن لە سیستەمی نوێدا بە پێی چەند پرانسیپێك (بنەمایەك) بەندکراو دابەش دەکات:

١- **جیاکردنەوە لەسەربنەمای ڕەگەز:** مەبەست لە جیاکردنەوە لەسەر بنەمای ڕەگەز، دابڕانی ئافرەتەکانە لە پیاوەکان، واتا جیاکردنەوەی ڕەگەزی مێینە لە نێرینە لە بەندیخانەکان، گرنگی ئەو جۆرە جیاکردنەوە؛ دوورکەوتنەوەیە لە تێکەڵبوونی ئەو دوو ڕەگەزەیە، تاکو پەیوەندی سێکسی و ناشەرعی لە نێوانیاندا دروست نەبێت.

لێرەدا پێویست دەکات دەزگای چاکسازی ئافرەتان لەلایەن کارمەندی ئافرەتەوە بەڕێوە بچێت، ئەمە جگە لەوەی مەرجێکی نێودەوڵەتییە کە لە (ڕێسای لانی کەمی مامەڵەکردن لەگەڵ بەندکراواندا ئاماژەی پێکراوە)، هەروەها ئەمەش پێویست دەکات ئەو پرۆگرامانەی چاکسازی کە بۆ ئافرەتان دەستنیشان دەکرێت، دەبێت لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی ئافرەت و توانای جەستەیی و سروشتی ڕەگەزەکەی بگونجێت، ئەمەش یەکێکە لە هۆکارەکانی جیاکردنەوەی ڕەگەزی مێیینەیە لە ڕەگەزی نێرینە.

٢- دابڕان و **جیاکردنەوە لەسەر بنەمای تەمەن:** مەبەست لەو جیاکردنەوەیە دابڕانی مێردمنداڵە لە بالغەکان و لەناو بالغەکانیش لەنێوان لاو و پێگەیشتووەکانە، مەبەستەکەش ڕێگرتنە لە دروستبوونی کاریگەری خراپی گەورەگان لەسەر مێرمنداڵەکان و، پێگەیشتوەکانیش لەسەر لاوەکان، هەروەها پێویستی هەر تەمەنێك لەو تەمەنانە بە مامەڵەیەکی جیاواز لەوانیتر کە لەگەڵ تواناو تایبەتمەندی و حەزوو ئارەزوویان بگونجێت.

٣- **جیاکردنەوە** لەسەر **بنەمای سزا و پێشینەی تاوانی:** مەبەست لەو جیاکردنەوەیە دابڕانی تاوانبارە مەترسیدار و ڕاهاتوەکان لە تاوانبارە سەرەتایی و ڕێککەوتەکان، چونکە مەترسییەکەی لەوە دایە لێ بگەڕێ لە بەندیخانەکان ئەو بەندکراوانە تێکەڵ بە یەکتری ببن، ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تاوانبارە مەترسیدارەکان بگوازرێتەوە بۆ ئەوانیتر، هەروەها دەبێت ئەو بەندکراوانەی کەماوەی سزایان درێژە جیابکرێتەوە لەو بەندکراوانەی کە ماوەی سزایان کورتە.

ئەمە جگە لەوەی ئەو دابەشکردن و جیاکردنەوەی لەناو هەر گرووپێك لەو گرووپانەی کە باسکرا، ئەوانەی بۆ جاری یەکەم تاوانیان کردووە لەگەڵ ئەوانەی ڕاهاتوە تاوانبارن دەبێ جیابکرێنەوە.

٤- **جیاکردنەوە و** دابڕان **لە سەر بنەمای سەرکۆنەکردن( ئیدانەکردن ):** مەبەست لەو دابڕانە جیاکردنەوەی گومان لێکراوەکانە لە بڕیار لەسەردراوەکان.

٥- **جیاکردنەوە لەسەر** بنەمای **باری تەندروستی:** مەبەست لەو جیاکردنەوە، دابڕانی ساغەکانە لە نەساغەکان، واتا ئەو تاوانبارانەی کە نەخۆشی دەروونی و عەقڵییان هەیە، هەروەها دەچێتە ژێر چوارچێوەی نەساغەکان، ئەو کەسانەی کە پیرن و ئەو بەندکراوانەی کە خوویان بە مادده سڕکەر و بێ هۆشکەرەکان گرتووە و ئەو بەندکراوانەی ڕێژپەری سێکسیان هەیە، هەروەها تاوانبارە سایکۆپاتییەکان، گرنگی ئەو جیاکردنەوە و ڕێگەگرتن یان دورکەوتنەوەیە لە تێکەڵبوونی خراپی تاوانبارە ساغەکان لەو تاوانبارانەی کە ڕێژپەری عەقڵی و دەروونی و ڕەوشتیان هەیە، جگە لەوەی نەساغەکان پێویستییان بە مامەڵەیەکی چاکسازی تایبەت و چاودێریەکی پزیشکی توندیشە.

## ئەو بنەمایانەی ( پرەنسیپانەی ) کە دەبێت لیژنەی پۆلێنکردن ڕەچاویان بکات لەکاتی ئە نجامدانی کارەکانیان :

١- زۆربەی بەندکراوان دەبێت پۆلێن بکرێت.

٢- دەبێت خەسڵەتی ڕوون و ئاشکرا بۆ توێژی بەندکراوان هەبێت، ئەو خەسڵەتانەش دەبێت هێندە ڕوون بن جێگای گومان نەبێت، تا بەندکراون پۆلێن بکرێن.

٣- دەبێت سیستەمی پۆلێن کردن جێگای متمانە و باوەڕ و پشت بەستن بێت، ئەگەر پسپۆڕێك یان لە پسپۆڕێك زیاتر هەستان بە پۆلێنکردنی بەندکراو؛ هەمان بەندیخانە و هەمان بەش و هەمان پڕۆگرامی چاکسازی بۆ دادەنێت.

٤- دەبێت پۆلێنکردن جەخت لەسەر چارەسەرکردنی تاکەکەسی بکات.

٥- ئەو پڕۆگرامانەی لەلایەنی لیژنەی پۆلێنکردنەوە دەستنیشان دەکرێت، دەبێت واقعی و بابەتیانە بێت دوور بێت لە بیروبۆچوونی خەیاڵی کە جێبەجێنەکرێت.

٦- دەبێت سیستەمی پۆلێنکردن ئابوری بێت، واتا جێبەجێکردن پێویستی بە خەرجیەکی دارایی زۆر نەکات کە لە بوودجە و دەسەڵاتی ماددی بەندیخانە دەرچێت.

لە کۆتاییدا، دەتوانین بڵێین پۆلێنکردن ڕێبازێکی زانستی و هونەری و مرۆییە؛ کە پێویستە بۆ جێبەجێکردنی یان بەدەستهێنانی ئامانجی بەرگریکردنی کۆمەڵایەتی دژی تاوان لە ڕێگای چاکسازی و ڕاهێنان، کە دەوترێ زانستییە لەبەرئەوەی پشت بە مەعریفە و زانیاری زانستە نوێیەکان دەبەستێ وەك کۆمەڵناسی و دەروونناسی و مرۆڤناسی و زانستی پزیشکی، کەدەوترێ هونەرییە چونکە پشت بە هەوڵ و کۆششی کۆمەڵێك پسپۆر دەبەستێ بۆ ئەنجامدانی کارەکانی، کە دەوترێت مرۆییە لەبەرئەوەی ڕێز لە کەرامەت و مرۆڤایەتی تاوانبار دەگرێ و هەڕەشەی تۆڵەسەندنەوەی لێ ناکات.

## سیستەمەکانی پشکنین و پۆلینکردن :

١- **سیستەمی نوسینگەی پشکنین و پۆلێنکردن ( نوسینگەی ڕاوێژکاری بۆ پشکنین و پۆلێنکردن ) :**

لە هەموو بەندیخانەیەك نوسینگەیەك هەیە، ئەو نوسینگەیە کۆمەڵێك پسپۆڕی هونەری لە خۆدەگرێت، لە بواری کۆمەڵایەتی و پزیشکی، ئەرکی توێژینەوە و پشکنینی بەندکراوانە لە بواری پزیشکی و کۆمەڵایەتی؛ بە ئامانجی پێشکەشکردنی چەند پێشنیازێك سەبارەت بە پرۆگرامەکانی چاکسازی و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ تاوانباران بۆ بەدەستەی کارگێری بەندیخانە، بەڵام پێشنیازەکانیان ڕاوێژکارییە، هێزی جێبەجێکردنی تیادانییە، ستافی کارگێری بەندیخانە بۆی هەیە پەسندی ئەو پێشنیازانە بکات یان ڕەتی بکاتەوە.

٢- **سیستەمی تەواو بۆ پشکنین و پۆلێنکردن:** ئەو سیستەمە پسپۆری هونەری و کارگێری و نوێنەری بەندیخانە کۆدەکاتەوە لە لیژنەیەك، بەمەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و پشکنینی بەندکراوان لە بواری پزیشکی و کۆمەڵایەتی

و ئـەزموونی؛ بـە ئامـانجی دەستنیشـانکردنی پرۆگرامـی مامەڵـەی چاکسـازی شـیاو و بەندیخانــەی گونجـاو بـۆ هـەر بەندکراوێك.

پێشنیازەکانی ئەم لیژنەیە واقعی و زانستیترە بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی پێشوو، لەبەرئەوەی کاتی دەستنیشانکردنی پرۆگرام و بەندیخانە ڕەچاوی توانای بەندیخانە و تایبەتمەندییەکانی دەکرێت، هەروەها پێشنیارەکانیان هێزی جێبەجێکردنی هەیـە، واتا ستافی یان دەستەی کارگێری بەندیخانەکان پابەند دەکات بە جێبەجێکردنی پرۆگرامـەکان و ڕێنماییـەکانیان، ئـەو جـۆرە سیستەمە هـەرێمێکی دەوڵـەت دەکاتـە چـەند شـوێنێکی سـزایی، لەهـەر شـوێنێکدا بنکەیـەکی پشـکنین و پـۆلێنکردنی تیادایـە لەگەڵ بوونی چەند بەندیخانەیەکی جیاواز، نموونە بەزۆری ئەو سیستەمە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا باوە.

٣- **سیستەمی بنکەی پێشوازی:** بـەپێی ئـەو سیسـتەمە هـەموو بەنـدکراوان ڕەوانـەی بنکـەی پێشـوازی ناوەنـد بـۆ پشـکنین و پۆلێنکردن دەکرێن، کـە ئـەو بنکانـە کۆمـەڵێك پسـپۆڕ لـە بـواری کۆمەڵایـەتی و پزیشـکی لـەخۆدەگرێت بـۆ ئەنجامـدانی توێژینــەوە و پشـکنین بەسـەر بەنـدکراوان، بـە مەبەسـتی دەستنیشـانکردنی جـۆری بەندیخانـە و پـرۆگرامـی مامەڵـەی چاکسازی گونجاو بۆ هەر بەنـدکراوێك، دواتـر بەنـدکراوەکان ڕەوانـەی بەندیخانـەکان دەکـرێن، لیژنەیـەکی تـەواوکاری لـە بەندیخانەکان هەڵدەستێ بـە هەڵبـژاردنی باشـترین شـێوازی مامەڵـەکردن و بەشـی شـیاو بـۆ بەنـدکراو بـە پشـت بەسـتن بەئەنجامی پشکنینەکانی بنکەی پێشوازی، بەمەبەستی دەستنیشانکردنی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ بەندکراوان. هـەر بەندکراوێکیش دەبێت بۆ ماوەی ٢ مانگ واتا (٦٠ ڕۆژ) لەبنکەکانی پێشوازی بمێنێتەوە.

**دووەم: <u>پرۆگرامی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی</u>:** خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی بە کۆڵەگەی سەرەکی جێبەجێکردنی پرۆگرامی چاکسازی و ڕاهێنانی بەنـدکراو دادەنرێت، لەبـەر ڕۆڵـە کارایەکـەی لـە یارمەتیـدانی بەنـدکراو لـە ڕووبەڕووبوونـەوەی گرفتـە کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابووریەکانیان، جگـە لـە ڕۆڵیـان لـە پێدانی هـەموو ئـەو چـەکە مەعنەویانـەی کـە گەڕانـەوەیان بـۆ باوەشی کۆمەڵگا زامن دەکات وەك هاوڵاتیەکی چاك.

لـە گشـت کـۆنگرە نێودەوڵەتییــەکان و ناوەخۆییەکانــدا ڕاسـپێردراوە بایــەخ بــە خزمــەتگوزاری کۆمەڵایــەتی بـدرێت لــە جێبەجێکردنی سزای زەوتکردنـی ئـازادی و، بڕیاردراوە کـە ئـەرکی بەندیخانـە خزمـەتێکی کۆمەڵایـەتی گـران بەهایـە و ئـەو ئەرکەش لە سیستەمی نوێی سزایی دان وای کردووە گرنگی بە ڕۆڵـی توێـژەری کۆمەڵایـەتی بـدرێت لـە جێبـەجێکردنی سـزا، ئەمەش وای کردووە، کە لە هەموو بەندیخانەکانی دونیا دەستەیەکی پسپۆڕ لـەبواری کۆمەڵایـەتی هـەبێت <u>بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری کۆمەلایەتی، کە جەخت لەسەر ئەو بنەمایانە</u> بکاتەوە:

**(ئەو بنەمایانەی کە دەبێت خزمەتگوزاری کۆمەلایەتی جەختی لەسەر بکاتەوە)**

١- جـەختکردنی هـەوڵ و کۆششـەکان لەسـەر بەنـدکراو وەکـو تـاك و دابینکردنــی هــەموو چـەکە مەعنــەوی و مـاددی و پیشەییەکان کە زەمانەتی سەلامەتی دەکات لە ژیان.

٢- گۆڕینی بەندیخانە لەشوێنێکی دامرکاندن و بێ بەشکردن بۆ دەزگایەك کە ئامانجەکەی پەروەردەکردن و چاکسازی بێت.

٣- بەکارهێنانی گشت توانا دەرەکی و ناوەکییەکانی بەندیخانە بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی سەروو.

## ڕێگاکانی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی:

### ١/ ڕێگاکانی خزمەتی تاك:

خزمەتی تاك لقێکە لە خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی کە بایەخ دەدات بە پێشکەشکردنی یارمەتی و چاودێری کۆمەڵایەتی و دەروونی و ڕەوشتی و ماددی بۆ بەندکراوان و ئەندامانی خێزانەکانیان تا بەسەر گرفتەکانیان زاڵ بن و بگونجێن لەگەڵ ئەو ژینگەی کە تیایدا دەژین.

## خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی لەبواری تاك ئەم خاڵانە لەخۆ دەگرێت:

أ- **پرۆسەی پێشوازی لە بەندکراوان:** ماوەی یەکەمی بەندکردن بە مەترسیدارترین ماوەی گرتن هەژماردەکرێت و دوا ڕۆژی چارەسەرکردن و چاکسازیکردنی بەندکراوی لەسەر دەوەستێت، لەبەرئەوەی تاوانبار کە دێتە بەنەندیخانە بەتایبەتی ئەوانەی جاری یەکەمیانە لە مەبەستی بەندکردن تێناگەن و هیچ زانیارییەکی دەربارەی ئەم کۆمەڵگایە نییە، هۆی بەندکردنیشی دەگەڕێنێتەوە بۆ تۆڵەسەندنەوەی کۆمەڵگا بەهۆی تاوانکردنی، لە ئەنجامی ئەوەوە دەکەوێتە ژێر ململانێیەکی دەروونی کە لە دڵەراوکێ و نیگەرانی و هەستکردن بە نامۆبوونی لێ دەکەوێتەوە، ئەمە جگە لە هەستکردنی بە ترس لە ئاکامی زاڵبوونی وێنەیەکی ترسناك لە هزریدا دەربارەی ئازار و ئەشکەنجەدان و مامەڵەی توندوتیژی و ژیانێکی پڕ لەناخوشی لە بەندیخانە.

ئەوی جێگەی شك و گومان نەبێت ئەو کەسەی ئەو هەستە ترسناکانەی لا دروست بێت؛ ناتوانێت بچێتە ناو پرۆگرامەکانی چاکسازی و سودیان لێ وەربگرێت، لەبەرئەوەی بیر و بارودۆخی دەروونی و عەقڵی نیگەرانە و شڵەژاوە.

زۆربەی توێژینەوە ئامارییەکان ئاشکرایان کردوە کە حاڵەتەکانی خۆکوشتن لەماوەی یەکەمی بەندکردن ڕوودەدات، بەهۆی توشبوونی بەندکراو بە حاڵەتێکی دەروونی و عەقڵی ترسناك بە هۆی هەستکردنی بە ڕەشبینی و بێ ئومێدی لە ئەمڕۆ و دوا ڕۆژدا.

جا، بۆیە پسپۆری کۆمەڵایەتی لە چاوپێکەوتنی یەکەم جەخت لەوە دەکات کە یارمەتی بەندکراو بدات لە نەهێشتنی ئەو ئاراستانەی کە لەلای دروست بووە، ئەمەش پێویست دەکات کە توێژەری کۆمەڵایەتی بارودۆخی دەروونی گونجاو بۆ بەندکراو دروست بکات، تا بەندکراو باس لە هەستە ترسناکەکانی بکات بێ مەترسی، هەروەها پێویستە لەسەر توێژەری کۆمەڵایەتی ئاشنای بکات بە ئەرکی بەندیخانە کە بریتییە لە یارمەتیدانی بەندکراو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو کێشانەی کە پێشتر نەیتوانیوە بە ڕێگایەکی ڕاست و دروست چارەسەریان بکات، هەروەها پێویست دەکات توێژەری کۆمەڵایەتی بەندکراو ئاشنا بکاتەوە بە ئەرك و مافەکانی لەڕێگای ڕێنماییەکان بەشیوەیەکی نوسراو، ئەگەر بەندکراو نەخوێندەوار بوو بەشێوەیەکی زارەکی پێی بووترێت.

سەرکەوتنی پرۆسەکانی یارمەتیدان دەوەستێتە سەر بڕی ئەو متمانەی کە توێژەر لە بەندکراو وەریدەگرێت، لەبەرئەوەی وەڵامدانەوەی بەندکراو بۆ توێژەری کۆمەڵایەتی و هاوکاریکردنی پەیوەستە بە متمانەکردن، ئەگەر بەندکراو

متمانەی بەتوێژەر نەکات زانیاری ناداتێ، ئەمەش وا دەکات کە توێژەر نەتوانێت یارمەتی بەندکراو بدات بۆ نەهێشتنی دڵەڕاوکێ و مەترسییەکانی.

**ب- یارمەتیدانی بەندکراو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتەکانی:** زۆرجار بەندکراو داوای یارمەتی لە توێژەری کۆمەڵایەتی دەکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو بەربەستانەی کە هاتۆتە پێشی، تا ئامادەی سود وەرگرتنی لە پرۆگرامەکانی چاکسازی هەبێت. توێژەری کۆمەڵایەتی دەتوانێت یارمەتی بەندکراو بدات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی لەڕێگای (چاوپێکەوتن)، لەهەمانکاتدا لە ڕێگای ئەم چاوپێکەوتنە توێژەری کۆمەڵایەتی دەتوانێت هەستی بەندکراو بەرامبەر تاوان و سزا و بەندیخانە ئاشکرا بکات.

بۆیە پێویستە لەسەر توێژەری کۆمەڵایەتی توانا پیشەییەکانی خۆی بەکاربهێنێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی بەندکراو؛ بەشێوەیەك بگونجێت لەگەڵ پرۆسەی چاکسازی و ژینگەکەی (بەندیخانە)، شایەنی باسە توێژەری کۆمەڵایەتی ڕۆڵی هەیە لە ئەنجامدانی ئەو توێژینەوە کۆمەڵایەتییانەی کە لەبەندیخانە ئەنجام دەدرێن، جا، چ سەبارەت بە ئاشکراکردنی فاکتەرەکانی تاوان بێت، یان بۆ هەڵسەنگاندنی پرۆگرامەکانی چاکسازی بێت یان بۆ زانینی پلەی کارتێکردنی پرۆگرامەکان لە بەندکراوان، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆڵی هەیە لە ئاشکراکردنی کەموکوڕییەکانی بەندیخانە و دروستکردنی پەیوەندی نێوان بەندکراو و دامەزراوە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکان، بۆ خزمەتکردنی بەندکراو لەماوەی بوونی لە بەندیخانە یان دوای ئازادکردنی .

سەرەڕای ئەمانە توێژەری کۆمەڵایەتی ڕۆڵی هەیە لە یارمەتیدانی بەندکراو لە گەڕانەوەی بۆ کۆمەڵگا و ئاشکراکردنی ئەو کێشە و گرفتانەی ئەگەری لێ دەکرێت ڕووبەڕووی ببنەوە، لەگەڵ چۆنیەتی چارەسەرکردنیان.

ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی تەنیا خۆی لەوەدا نابینێتەوە کە یارمەتی بەندکراو بدات لە چارەسەرکردنی کێشەکانیان، بەڵکو زیاتر هەنگاو دەنێت بەرەو چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەندامانی خێزانی و یارمەتیدانیان و ئاراستەکردن و ئامۆژگاریکردنیان سەبارەت بە چۆنیەتی ڕووبەڕووبونەوەی ئاستەنگەکانی ژیان و، هەوڵدەدات توانای دەزگا کۆمەڵایەتییەکان بەکاربهێنێت بۆ خزمەتی ئەندامانی خێزانی بەندکراو.

بە پشت بەستن بە ووتەکانی پێشوومان، دەتوانین بڵێین نەبوونی ئەرکی چاودێری کۆمەڵایەتی ئەندامانی خێزان تەنانەت بە مانای سەرنەکەوتنی پرۆسەی چاکسازی نایەت، بەڵکو مەترسییەکەی هەڕەشە لە ئاسایش و سەقامگیری دەکات بەهۆی ڕووخانی خێزان و بلاوبوونەوەی لادان و تاوان لە نێوانیاندا.

**قۆناغە زانستیەکانی چارەسەرکردنی کێشەی بەندکراوان لەبواری خزمەتگوزاری تاك:**

**پرسیار/**ئەو ڕۆڵانەی یان ئەرکانەی توێژەری کۆمەڵایەتی پێی هەڵدەستێت لەخزمەتی تاکدا لەسەر چەند تایبەتمەندییەکی زانستی و بنەمای هونەری دادەمەزرێت، کە سەرکەوتنی پرۆسەکە زامن دەکات وەك ئەمانەی خوارەوە:

أ- **توێژینەوەی دەروونی و کۆمەڵایەتی بۆ بارودۆخی بەندکراو:** مەبەست لەم توێژینەوە کۆکردنەوەی هەموو ئەو زانیاری و داتایانەیە کە یارمەتیدەدات بۆ دروستبوونی وێنەیەك بۆ کۆمەڵێك ڕاستی، کە سودی هەیە بۆ یارمەتیدانی بەندکراو و دانانی چارەسەری گونجاو بۆ گرفتەکەی بە پشت بەستن بە چاوپێکەوتن لەگەڵ بەندکراو و خێزانەکەی و شارەزاو پسپۆڕەکان لەگەڵ پشت بەستن بە دۆسییەی تایبەت بە بەندکراو لە قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە و سەرکۆنەکردن و سزادان.

ب- **دەستنیشانكردنی لایەنی دەروونی و كۆمەڵایەتی بۆ كێشەی بەندكراو:** مەبەست لەم دەستنیشانكردنە بەستنەوە و شییكردنەوەی ڕاستییەكانە و دروستكردنی بیرۆكەیەكە لەسەر كەسایەتی بەندكراو و ئەو هۆكارانەی كە بوونەتە هۆی دروست بوونی ئەو كێشەیە، كە پێویستە چارەسەربكرێن لەگەڵ پێدانی پێشینە بۆ ڕێوشوێنە گرنگەكان.

ت- **چارەسەركردنی كێشەی بەندكراو:** مەبەست لە چارەسەركردنی كێشەی بەندكراو، یارمەتیدانی بەندكراوە بۆ گەیشتن بە ئاستێكی گونجانی كۆمەڵایەتی و خوودی لەڕێگای چاككردنی بارودۆخە كەسی و ژینگەییەكەی.

مەبەست لە چارەسەركردنی خودیش، كارتێكردنە لە خسڵەتە كەسییەكان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی لایەنە لاوازەكانی و پاڵپشتی لایەنە بەهێزەكانی؛ بەئامانجی گەڕانەوەی جێگری دەروونی و كۆمەڵایەتی و ڕاستكردنەوەی ئاراستە هەڵەكانی كە بەشێوەیەك دوری بخاتەوە لە هۆكارەكانی گەڕانەوەی بۆ تاوان.

بەڵام مەبەست لە چارەسەركردنی ژینگەیی: ئەو هەوڵ و كۆششانەیە كە ئەنجامدەدرێن بۆ لابردنی یان كەم كردنەوەی پاڵەپەستۆ دەرەكییەكان لەسەر بەندكراوان، هەروەها ئەو خزمەتگوزاریانەی كە پێشكەشیان دەكرێن جا لە بەندیخانە بێت یان لە دەرەوە.

ئەوەی جێگەی تێبینی بێت: ئەو ڕێگایانە بەستراون بەیەكەوە و بەردەوامیشن، لە هاتنی تاوانبار بۆ بەندیخانە دەستپێدەكات و بەردەوام دەبێت بە درێژایی ماوەی سزا و دوای ئازادكردنیش هەركاتێك دۆخی بەندكراو پێویستی پێی بێت بەپێی ئەو گۆڕانكاریانە و پەرەسەندنانەی بەسەر كەسایەتی بەندكراو دادێت، لەبەرئەوەی ماوەی زەوتكردنی ئازادی بەمانای قۆناغی گواستنەوە دێت، بۆیە بۆ هەر قۆناغێك پێویستی بە پرۆگرامی چارەسەركردنی تایبەتە كە مامەڵە لەگەڵ گۆڕانكارییە نوێیەكان بكات.

**٢- ڕێگاكانی خزمەتی بەكۆمەڵ (گرووپ)**

ئەو ڕێگایەیە كە كۆمەڵ بەكاردەهێنێت، وەكو ئامرازێك بۆ گەشەكردنی تاكەكان و چاككردنەوەی ڕەفتارەكانیان، لەم پێناسەیە گرنگی و بایەخی ڕۆڵی خزمەتی بە كۆمەڵ دەردەكەوێ بۆ پەروەردەكردنی بەندكراوان لە ڕێگای وەرگرتنی شارەزایی و بەها و ئەو خوە چاكانەی كە دەبێتە بەربەستێك لەبەردەم گەڕانەوەی بۆ تاوانكردن، **دەتوانین گرنگترین ئامانجەكانی كاركردن** لەگەڵ بەندكراو بەشێوەی كۆمەڵ لەم خاڵانە كورت بكەینەوە:

١- گەشەدان بە توانای بەشداریكردن لە ژیانی كۆمەڵی لەلای بەندكراوان، كە ئەمە دەرفەتی وەرگرتنی ئەزموونی بەكۆمەڵی بۆ بەندكراوان دەرەخسێنێ كە لە ژیانی كۆمەڵایەتی پێویستییان پێی هەیە، لەهەمانكاتدا توانای گونجانی كۆمەڵایەتی و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی و بایەخدان بە بەرژەوەندی گشتی لایان زیاد دەكات.

٢- ڕەخساندنی دەرفەت بۆ بەندكراوان بۆ وەرگرتنی شارەزایی جۆراوجۆر، ئەو شارەزاییانەی كە توانای بەرهەمهێنان و داهێنان لایان زیاد دەكات لەڕێگای بەشداریكردنی بە كۆمەڵی لە چالاكییە جۆراوجۆرەكان، كە ئەمەش دەرفەتی

مەشقکردن و ڕاهێنان لەسەر ڕۆڵی سەرکردە و پاشکۆیەتی بۆ بەندکراوان دەرەخسێنێ وایان لێ دەکات کە بتوانن کۆنترۆڵی هەست و هەڵچونەکانیان بکەن لەناو گرووپەکاندا.

٣- چاندنی بەها کۆمەلآیەتییە بەرزەکان لەناو ناخ و دەروونی بەندکراوان وەك دادوەری و ڕاستگۆیی و پابەندبوون و ڕێزگرتن... هتد، تا بگونجێن لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایەی کەتیایدا دەژی، لەڕێگای ممارەسەکردنێکی کرداری بۆ ئەم بەهایانە لە ژیانە کۆمەڵییەکەیان فێربن؛ بە هاوکاری و یارمەتی توێژەری کۆمەلآیەتی کە دەبێت نموونەیەکی ڕاستگۆ و چاك بێ بۆ بەندکراوان.

٤- ڕێکخستنی کاتی دەست بەتاڵی بەندکراوان بەشێوەیەك سودی بۆ بەندکراو و بەندیخانە هەبێت، لەبەرئەوەی کاتی دەست بەتاڵی زۆر؛ دەبێتەهۆی دروستبوونی بێزاری لای بەندکراوان و زیادبوونی کاتەکانی بیرکردنەوە و دروستبوونی نیگەرانی و دڵەڕاوکێ لای بەندکراوان و تێکچوونی باری دەروونی و عەقڵییان، ئەمانە هەموو لە کۆتایی دەبنەهۆی دروستبوونی گرفت و سەرپێچیکردن و لادان و تاوانکردن لەبەندیخانەدا، واتا ڕێکخستنی کاتەکانی دەست بەتاڵی بەندکراوان بە شێوازێك لە شێوازەکانی پەروەردەکردن و ڕاهێنان هەژمار دەکرێت، ئەو گفتوگۆ کۆمەڵییانەی لە نێوان بەندکراوان دروست دەبێت لەژێر ڕۆشنایی و چاودێری توێژەری کۆمەلآیەتی بە ئامرازێکی ڕاستکردنەوەی ڕەفتار و چاکسازیکردن دادەنرێت، ڕەنگە لەهەمانکاتدا چارەسەرکردنێکی دەروونی بەکۆمەڵی بێت کە پەیوەندی بە زەوتکردنی ئازادی هەیە، ئەمە جگە لەوەی چۆنیەتی ڕێکخستنی کاتی بەتاڵی بەندکراوان دەبێتە هۆی بنبڕکردنی فاکتەرێك لە فاکتەرەکانی تاوان، لەبەرئەوەی هەندێك لە تاوانباران هۆی تاوانیان دەگەڕێننەوە بۆ نەزانینی دەربارەی چۆنییەتی ڕێکخستنی کاتی دەست بەتاڵی، توێژەری کۆمەلآیەتی ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینی لە ئاڕاستەکردن و ئامۆژگاریکردنی بەندکراوان بۆ فێربوونی چۆنیەتی ڕێکخستنی کاتی دەست بەتاڵی، هەروەها بەندکراوان هاندەدات بۆ بەشداری کردن لە گرووپە جیاجیاکانی نێو بەندیخانە کە لەگەڵ تەمەن و ڕەگەز و توانا و حەز و ئارەزوویان بگونجێت، ئەمەش پێویست دەکات کارگێریی بەندیخانە پرۆگرامی جۆراوجۆر و جیاواز دابنێ لە بوارەکانی ڕۆشنبیری و هونەری و وەرزشی و پەروەردەیی و کۆمەلآیەتی ...هتد، بەلآم دەبێ ڕەچاوی ئەم خاڵانەبکات کە پرۆگرامەکان دەبێت لەو بابەتانە بن کە بایەخی یان سەرنجی بەندکراو ڕابکێشی وایان لێ بکات کە بەشداری تێدا بکات.

## ٣- ڕێگاکانی ڕێکخستنی کۆمەڵگا:

تاك و گروپ سەلامەت بێ لەهەمان کاتدا کۆمەڵگای بەندیخانە سەلامەت دەبێ، بەلآم تاك و گروپ سەلامەت نەبێ گرفتیان هەبێ کۆمەڵگای بەندیخانەش سەلامەت نابێ.

## ڕۆڵی پیشەیی توێژەری کۆمەلآیەتی لە بواری ڕێکخستنی کۆمەڵگادا:

١- هەڵسانی توێژەی کۆمەلآیەتی بە چاوپێکەوتنی خولی لەگەڵ فەرمانبەرانی نێو بەندیخانە، ئەویش لە پێناو ئاڵوگۆڕکردنی بیروبۆچوونیان سەبارەت بە پرۆگرامی چاودێری و مامەلەکردن لەگەڵ بەندکراوان لەنێو بەندیخانە، بۆ تێگەیشتن لەو بەربەستانەی کە دێتە بەردەمیان لەکاتی ئەنجامدانی کارەکانیان لە چاودێری بەندکراوان، لەگەڵ گەیشتن بە ڕاسپاردە و پێشنیار بۆ زاڵبوون بەسەر کێشە و گرفتەکاندا.

٢- ڕێکخستنی چاوپێکەوتن لەگەڵ فەرمانبەرانی ناو بەندیخانە بە ئامادەبوونی کەسانی پسپۆر و بە ئەزموون بە مەبەستی ڕووبەڕوبوونەوەی گرفتەکان و ئاشنابوون بە نوێترین شێوازی مامەڵەی چاکسازی لەگەڵ بەندکراودا.

٣- بەدواداچوون بۆ کاری لێژنە جۆراوجۆرەکانی ناو بەندیخانە، هەڵسەنگاندنی چالاکییەکانیان و پێشکەشکردنی هەموو ئەو ئاسانکارییانەی کەوا دەکات لێژنەکان بەشێوەیەکی تەواو کارەکانیان بەئەنجامبگەیەنن.

٤- کارکردن بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی لە نێوان بەندیخانە و دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی نێو کۆمەڵگا بۆ دروستکردنی هەماهەنگی لەنێوانیان و سود وەگرتن لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکانیان بۆ بەندکراوان بە مەبەستی پاڵپشتیکردنی پرۆسەی چاکسازی.

٥- ئەنجامدانی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی لە بواری دیاردە تاوانییەکان، بۆ ئاشکراکردنی پاڵنەرەکانی تاوان و چۆنیەتی قەڵاچۆپێکردنی یاخود ڕووبەڕوبوونەوەیان، لەگەڵ دانانی ئەنجامەکانی توێژینەوە لەبەردەم بەرپرسان و دەزگا پەیوەندیدارەکان بۆ دڵنیابوون لە بەشداریکردنیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕەفتاری تاوانکاری و چارەسەرکردنیان.

٦- ئاگادارکردنەوەی جەماوەر لە ڕێگای ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە لەو گرفت و مەترسیانەی کە ڕوبەڕووی بەندکراو و خێزانەکانیان دەبێتەوە گەر دەستی یارمەتیان بۆ درێژ نەکرێت و یارمەتی نەدرێن.

## سێیەم: پرۆگرامی خزمەتگوزاری تەندروستی:

بوونی خزمەتگوزاری تەندروستی لەنێو دامەزراوە چاکسازییەکاندا کارێکی پێویستە بۆ چاککردنی کەسێتی کۆمەڵایەتی تاوانبار و گەڕانەویان بۆ ناو گۆمەڵگا، بەتوانا جەستەیی و عەقڵی و دەروونی گونجاو، هەروەك لە مادەی (٩)ی ڕێسایەکانی لایەنی کەمی مامەڵەکردن لەگەڵ بەندکراوان هاتووە، کە دەڵێت: (بەندکراوان مافی خۆیانە هەموو ئەو خزمەتگوزارییە تەندروستیانە بیانگرێتەوە کە لە وڵاتدا هەیە بەبێ جیاوازیکردن بە هۆی بارودۆخی یاساییەوە). هەر بۆیە ئامانجی سەرەکی لە خزمەتگوزاری تەندروستی و چاودێریکردنی باری تەندروستی بەندکراوان، بریتیە لە:

١- زۆرێك لە توێژینەوەکان لە بواری زانستی تاواندا ئەوەیان سەلماندوە کە پەیوەندی لە نێوان تاوان و نەخۆشیدا هەیە، وا پێدەچێت هەندێك لە بەندکراوان نەخۆشی جەستەیی یان عەقلی یان دەروونی یەکێك لە هۆکارەکانی تاوان کردنیان بێت، بۆیە چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشییە دەبێتە هۆی ڕیشەکێشکردنی یەکێك لە هۆکارەکانی تاوان.

٢- بایەخدان بە چاودێری تەندروستی، لەلایەکەوە دەبێتە هۆی پارێزگاریکردن لە باشی تەندروستی بەندکراو، ئەمەش یارمەتی سەرکەوتنی کاری سزایی بەگشتی و پرۆسەی چاکسازی بە تایبەتی دەدات، لەلایەکی دیکەوە دەبێتە هۆی دوورخستنەوەی کۆمەڵگا لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی.

- **شێوازەکانی خزمەتگوزاری تەندروستی یان چاودێری تەندروستی**

چاودێری تەندروستی بەندکراوان تەنیا چارەسەرکردنی بەندکراوان ناگرێتەوە، بەڵکو هەموو ئەو ڕێوشوێنە پێویستیانەش دەگرێتەوە کە بۆ پاراستنی بەندکراوان لە نەخۆشی دەگیرێتەبەر، ئەمەش واتە چاودێری تەندروستی شێوازی خۆپاراستن و شێوازی چارەسەرکردنی دەگرێتەوە:

**یەکەم : شێوازی خۆپاراستن:**

- **ئامانجی شێوازەکانی خۆپاراستن:**

١- پاراستی ئاستی تەندروستی لە بەندیخانە.

٢- توشبوونی بەندکراو دەپارێزێت لە نەخۆشی.

٣- ڕێگا دەدات بەجێبەجێکردنی سزا لە بارودۆخێکی مرۆیی.

لەبارەی خۆپارستنەوە تۆماری ڕێسایی هەلسوکەوتی فەرمانبەرانی ڕاسپێردراو لە بەجێگەیاندنی یاسا کە لە ساڵی ١٩٧٩ لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە متمانەی پێ بەخشرا لەمادەی (٦) دەڵێت (پێویستە لەسەر فەرمانبەرانی ڕاسپێردراو لە بەجێگەیاندنی یاسا بە ئاگابن لە پاراستنی تەواوی تەندروستی کەسانێ کە دەست بەسەرن لەلایان، لەسەریان پێویستە بەشێوەیەکی تایبەت هەنگاوی خێرا بگرنەبەر بۆ فەراهەمکردنی چاودێری پزیشکی بۆیان لەهەر کاتێك کە پێویستیان بێت).

**گرنگترین ئەو ڕێوشوێنە خۆپارێزییانەی کە لەنێو بەندیخانەدا دەگیرێنەبەر؛ بریتیین لەمانەی خوارەوە:**

**١/ شوێن و بینایەی بەندیخانە:**

لە بارەی شوێنی خەوتن و کۆبوونەوە و کارکردن (کۆمەڵە ڕێسای لانی کەمی مامەڵەکردن لەگەڵ بەندکراوان) لە ڕێسای (١٠)دا دەڵێت: (پێویستە ئەو شوێنەی بەندکراوان بەکاری دەهێنن هەموو مەرجەکانی تەندروستی تیادا فەراهەم بکرێت لەگەڵ ڕەچاوکردنی حاڵەتی کەش و هەوا، بەتایبەتی هەموو ئەو شوێنانەی تایبەتن بە خەوتنی بەندکراوان، پێویستە هەوا گۆرکێ و ڕوناکی و ساردی و گەرمی گونجاو بێت)، هەروەها سەبارەت بە شوێنی کۆبوونەوە و کارکردنی بەندکراوان کۆمەڵە ڕێسای لایەنی کەمی مامەڵەکردن لەگەڵ بەندکراوان لە ڕێسای (١١) کە لە دوو برگە پێکهاتووە دەڵێت: (پێویستە پەنجەرەکان فراوان بن بە جۆرێك بەندکراوان بتوانن لەبەر ڕووناکی سروشتی بخوێننەوە و کاربکەن و پێویستە ڕووناکی دەستکرد وەك پێویست دابنرێت و ئەوەندە تیشك بدات تا بەندکراوان بتوانن لەبەردەمیدا بخوێننەوە و کار بکەن بێ ئەوەی زیان بەچاویان بگەیەنێ).

یەکێك لە مەرجە گشتییەکان دەبێت ڕەچاوبکرێت لەنێو بینایەی بەندیخانە دوورکەوتنەوەیە لە قەرەباڵغی، چونکە قەرەباڵغی هۆکارێکە یان ڕێگایەکە بۆ ئاسانی بلاّوبوونەوەی نەخۆشی لەنێو بەندکراوەکان و ئەستەمی پاراستنی پاك و خاوێنی لە بەندیخانە.

**٢/ خواردەمەنی:** خۆراك لە پێداویستییە سەرەكییەكانی مرۆڤ دادەنرێت، چونكە كەمی خۆراك دەبێتەهۆی توشبوونی بەندكراوان بە نەخۆشی جۆراوجۆر، ئەمەش كاردەكاتە سەر توانای لەدەستدانی ئەركەكانیان، بۆیە پێویستە ئەو ژەمە خواردنانەی بە بەندكراوان دەدرێن، هەمەجۆر و بەپێی پێویست بێ لەڕووی چەندیەتی و چۆنیەتیەوە، هەروەها دەبێت بڕی ئەو خواردنەی بە بەندكراوان دەدرێت، گونجاو بێت لەگەڵ تەمەن و باری تەندروستی و جۆری ئەو كارانەی ئەنجامی دەدەن، لەهەمانكاتدا پێویستە گرنگی بدرێت بەو شێوازانەی خواردنی پێ ئامادەدەكرێت و، بەتایبەت گرنگیدان بە پاك و خاوێنی چێشتخانە و ئەو كارمەندانەی لەوێ كاردەكەن و بەشێوەیەكیش پێشكەشی بەندكراوان بكرێت كە ڕێزی مرۆڤایەتی بەندكراوان بپارێزێت و، هەروەها دەبێت ڕەچاوی پێدانی ژەمە خواردنی تایبەتی بۆ ئافرەتی دووگیان و كۆرپەلەش لەبەرچاوبگیرێت.

هەر لەبارەی سیستەمی خواردن لەبەندیخانەكاندا ناكرێ جۆرێكی دیاریكراو لە خواردن بۆماوەیەكی دوورودرێژ دووبارە بكرێتەوە، تا بەندكراوان بێزار نەبن؛ كۆمەڵە ڕێسای لایەنی كەمی مامەڵەكردن لەگەڵ بەندكراوان لە ڕێسای (٢٠)دا كە لە دوو بڕگە پێكهاتووە دەڵێت: (پێویستە لەسەر كارگێڕی بەندیخانە لە كاتە دیاریكراوەكاندا ژەمەكانی خواردن بۆ هەموو بەندكراوان دابین بكات بەپێی پێویست بۆ پارێزگاریكردن لە تەندروستی و هێزی بەندكراوان، هەروەها پێویستە جۆری خواردنەكە باش بێت و بەباشی ئامادە و پێشكەشی بەندكراوان بكرێت، پێویستیشە ڕێگاكانی پەیداكردنی ئاوی پاكی خواردنەوە بۆ هەموو بەندكراوان ئامادە بكرێت لەهەر كاتێكدا كە پێویستیان بێت).

**٣/ پاك و خاوێنی بەندكراوان:** دوو جۆر لەخۆ دەگرێت أ- پاك و خاوێنی لەش، ب- پاك و خاوێنی جلوبەرگی بەندكراو، ئەمە گرنگترین كارە كە پێویستە كارگێڕی بەندیخانە فەراهەمی بكات بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشی، بۆیە پێویستە لەسەر ئیدارەی بەندیخانە، بەندكراوان پابەند بكات بە ڕاگرتنی پاك و خاوێنی جەستەیان بكات، بۆ ئەمەش پێویستە ئاوی پاك و پێویست بۆ بەندكراو فەراهەم بكرێت، تاكو تەندروستی و پاك و خاوێنییان بپارێزن، هەروەها پێویستە ژمارەی پێویست لە گەرماو بۆ بەندكراوان فەراهەم بكرێت تاكو بەلایەنی كەمەوە لە هەفتەیەكدا جارێك خۆیان بشۆن بە ئاوێك كە پلەی گەرماكەی لەگەڵ كەش و هەوای ئەو كاتەدا گونجاو بێت، هەروەها پێویستە چاودێریەكی دروستی قژ و ڕیشی بەندكراوان بكرێت، بۆیە پێوستە سەرتاشخانە لەنێو بەندیخانە بۆ بەندكراو دابین بكرێت، دەبێت كەلوپەلی پێویست بۆ پاراستنی تەندروستیان و پاكوخاوێنیان پێبدرێت و كاتی پێویستیان بۆ تەرخانبكرێت. سەبارەت بە جلوبەرگی بەندكراوانیش لە ڕێسای (١٧)ی كۆمەڵە ڕێسای لایەنی كەمی مامەڵەكردن لەگەڵ بەندكراوان دەڵێت (پێویستە هەموو بەندكراوان جلوبەرگیان بۆ فەراهەم بكرێت، كە گونجاو بێت لەگەڵ كەش و هەوا و پارێزگاری لە تەندروستییان بكات، هەروەك پێویستە ئەو جلوبەرگانە پاك و خاوێن بن، نابێت بەندكراو بەهۆی جلەكانی هەست بەكەمی و ڕیسوایی بكات، یاخود هەستی بریندار بكات).

**٤/ چالاكی وەرزشی:** چالاكی وەرزشی جەستەیی و چالاكیەكانیتر كاریگەرییەكی باشی لەسەر باشی تەندروستی بەندكراو بەجێ دەهێڵن، هەر بۆیە پێویستە لەنێو بەندیخانەدا شوێن و كەرەستەی پێویستی وەرزشی فەراهەم بكرێت، لەگەڵ دابینكردنی ڕاهێنەر بۆ یارمەتیدانی بەندكراوان لە ئەنجامدانی ڕاهێنانی وەرزشی پێویست و دیاریكردنی كاتی گونجاو بۆ وەرزشكردن، لەگەڵ كردنەوەی خولی وەرزشی جیاواز وەكو (تۆپی پێ، بالە، باسكە، تۆپی دەست، یارییەكانیتر).

هەر لەم بارەیەشەوە کۆمەڵە ڕێسای لانی کەمی مامەڵەکردن لەگەڵ بەندکراوان لە ڕێسای (٢١)کە لە دووبڕگە پێکهاتوە دەڵێت (وەرزشکردن پێویستە لەبەندیخانەدا، و پێویستە هەموو بەندکراوان ڕۆژانە بەلایەنی کەم یەك کاتژمێر چالاکی وەرزشی ئەنجام بدەن).

بۆئەوەی شێوازەکانی خۆپاراستن ئامانجەکانی خۆیان بهێننەدی، دەبێ لەلایەن ستافێکی پزیشکییەوە سەرپەرشتی بکرێت و بەشێوەیەکی بەردەوام، لەهەمانکاتدا لیژنەی پزیشکی ئەرکی بلاوکردنەوەی ڕۆشنبیری تەندروستی لەنێو بەندکراوەکان دەکەوێتە ئەستۆ، وەکو ئامرازێك بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشی لە ڕێگای کۆڕ و سمینار و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، چونکە دابینکردنی شێوازەکانی خۆپاراستن تەنانەت تەندروستی بەندکراوان ناپارێزێ ئەگەر بەندکراو هۆشیاری تەندروستی نەبێ سەبارەت بە شێوازەکانی خۆپاراستن لەڕووی گرنگی و مەبەست و ئامانجەکانی.

**دووەم: شێوازی چارەسەرکردن:**

١- **پشکنینی بەندکراو:**

٢- **چارەسەرکردنی بەندکراو:**

شێوازی چارەسەرکردن هەردوو شێوازی پشکنینی بەندکراو و چارەسەری نەخۆشییەکانی دەگرێتەوە که تووشی بووە پێش هاتنی بۆ نێو بەندیخانە یاخود لەنێو بەندیخانەدا.

١- **پشکنینی بەندکراو:** بەپێی هەدوو ڕێسای (٢٤، ٢٥)ی کۆمەڵە ڕێسای لانی کەمی مامەڵەکردن لەگەڵ بەندکراوان دەڵێت (پێویستە لەسەر پزیشکی بەندیخانە پشکنین بۆ هەموو بەندکراوان بکات بەهاتنیان بۆ نێو بەندیخانە و دوایی چوونە نێو بەندیخانەشەوە بەپێی ماوە ماوە و هەرکاتێ پێویست بکات، لەپێناو ئاشکراکردنی نەخۆشییە جەستەیی و عەقڵییەکانیان و گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆیان، وەکو جیاکردنەوەی ئەو بەندکراوانەی گومانی تووش بوونیان لێ دەکرێت، بە نەخۆشی گواستراوە و دیاریکردنی توانای بەندکراوان بۆ کارکردن و بێ توانابیان لەڕووی جستەیی و عەقڵییەوە.

٢- **چارەسەرکردنی بەندکراوان:** چارەسەرکردنی بەندکراوان مافێکی ڕەوای بەندکراوە، لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی:

أ- بەندکراو خۆی ناتوانێت بچێت بۆ لای پزیشك چارەسەری خۆی بکات.

ب- بەندکراو وەکو هەر مرۆڤێکیتر مافی چارەسەری تەندروستی جەستەیی و عەقڵی و دەروونی هەیە.

ت- چارەسەرکردنی بەندکراوان بەشێکە لە پرۆسەی چاکسازی و ڕاهێنانیان.

بۆیە پێویستە چارەسەرکردن بۆ بەندکراوان بە خۆڕایی بێت و لەسەر دەوڵەت بێت، کە هەموو پێداویستیەکانی چارەسەرکردنی بەندکراوان فەراهەم بکات، چونکە بەشێکە لە پرۆسەی شیاندن، لەهەمانکاتدا هەموو بەندکراوەکان لەڕووی ئابووریەوە توانای خەرجی چارەسەرکردنیان نیە، بەمەش پێویستە لە بەندیخانەکاندا پرۆسەی چارەسەرکردنی بەندکراوان بەهەمان شێوەی دەرەوەی بەندیخانە بێت و، پرۆسەی چارەسەرکردنی نەخۆشییە ئەندامی و پەشێویی دەروونی و عەقڵییەکان بگرێتەوە، لەگەڵ چارەسەرکردنی نەخۆشی ددان، هەروەها پێویستە بایەخ بدرێت بە چارەسەرکردنی ئەو بەندکراوانەی

لەسەر کێشانی مادده هۆشبەرەکان ڕاهاتوون، چونکە چارەسەرکردنی ئەوانە واتە لەناو بردنی یەکێك لە هۆکارەکانی ڕەفتاری تاوانکارییە، لەم بارەیەوە **کۆمەڵە ڕێسای لانی کەمی مامەڵەکردن لەگەڵ بەندکراو لە ڕێسای (٢٢) کە لە دوو بڕگە پێك هاتوە لەبڕگەی (١) دەڵێت** (پێویستە هەموو بەندیخانەیەك لانی کەم پزیشکێکی کارامەی هەبێت، کە زانیاری دەربارەی پزیشکی دەرونیش هەبێت و پێویستیشە خزمەتە پزیشکییەکانی لەگەڵ پەیوەندییەکی پتەو بە ئیدارەی تەندروستی گشتی ناوچەیی یان نیشتمانیەوە پێشکەش بکرێت، هەروەها پێویستە لقی پزیشکی دەرونیشی تێدا بێت، بەمەبەستی دەستنیشانکردنی بارە ژێریە نائاساییەکان و چارەسەکردنیان لە کاتی پێویستدا).

هەروەها پێویستە لەنێو بەندیخانەدا نەخۆشخانەیەکی پاشکۆ هەبێت بۆ ئەو نەخۆشانەی کە حاڵەتەکەیان وا پێویست دەکات لە نەخۆشخانەدا بمێننەوە، بەتایبەتی ئەو بەندکراوانەی ئەگەری مەترسی هەڵهاتنی لێ بکرێت ونەتوانرێت بخرێتە نێو نەخۆشخانە گشتییەکانی دەرەوەی بەندیخانە یان بۆ حاڵەتە کتوپڕەکان، بۆیە دەبێت ئەو نەخۆشخانەیە هەموو پێداویستییەکانی پزیشکی تێدابێت، لە ئامێری پزیشکی و دەرمان و ستافی هەمەجۆر لە هەموو بوارەکان.

پرسیار/ ئایا چارەسەرکردنی بەندکراو لە نەخۆشی دەبێ بەشێوەی زۆرەملێ (اجباری)بێت، یاخود بە ڕەزامەندی بەندکراو بێت؟

وەڵام: ئەوەی کە ئاشکرایە مرۆڤ ئازادە بەوەی کە چارەسەری بۆ بکرێت لەو نەخۆشییانەی کە توشی بوو، تەنیا هەندێك نەخۆشی نەبێت کە مەترسی بڵاوبوونەوەی لێدەکرێت، وەکو ئایدز، بەڵام سەبارەت بە بەندکراو ئەگەر چارەسەرکردنی لە نەخۆشییەکەی ببێتەهۆی بنەبڕکردنی یەکێك لە هۆکارەکانی تاوان، بەمەش دەبێتە بەشێك لە پرۆسەی چاکسازی، کە بەبێ ڕەزامەندی بەندکراویش دەبێت ئەنجام بدرێت، بەڵام بە ڕێگەیەکی مرۆیی کە نەبێتە هۆی بێڕێزی و سوکایەتیپێکردنی بەندکراو.

## ڕۆڵی پزیشك لە بەندیخانەکاندا (دامەزراوە چاکسازییەکاندا):

پزیشك لە نێو بەندیخانەدا لە ئەرکێك زیاتری پێ دەسپێردرێت وەکو چاودێری و بینینی بەندکراوی نەخۆش و چارەسەرکردنی و دواتریش پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی پزیشکی بۆ کارگێری بەندیخانە.

لەبارەی ڕۆڵی پزیشك لە بەندیخانەدا (کۆمەڵە ڕێسای لانی کەمی مامەڵەکردن لەگەڵ بەندکراو لە ڕێسای (٢٢) کە لە دوو بڕگە پێك هاتوە لەبڕگەی (١) دەڵێت (پێویستە هەموو بەندیخانەیەك لانی کەم پزیشکێکی کارامەی هەبێت، کە زانیاری دەربارەی پزیشکی دەرونیش هەبێت و پێویستیشە خزمەتە پزیشکییەکانی لەگەڵ پەیوەندییەکی پتەو بە ئیدارەی تەندروستی گشتی ناوچەیی یان نیشتمانیەوە پێشکەش بکرێت، هەروەها پێویستە لقی پزیشکی دەرونیشی تێدا بێت، بەمەبەستی دەستنیشانکردنی بارە ژێریە نائاساییەکان و چارەسەکردنیان لە کاتی پێویستدا).

بەڵام خاڵێکیتری گرنگ لە کاری پزیشك لەنێو بەندیخانەدا بریتییە لە: دروستکردنی متمانە لەنێوان خۆی و بەندکراواندا تا بتوانێت سەرجەم ئەو فەرمانانەی بۆ بەندکراوان دەری دەکات جێبەجێبکەن، هەرچەندە بەشێك لە و فەرمانانە لەلایەن کارگێری بەندیخانەوە بەسەریاندا دەچەسپێنرێت، بەڵام هەندێك حاڵەت پێویستی بە بوونی متمانە هەیە

لەوانەش لەکاتی مانگرتنی بەندکراوان لەخواردن کە لەو ماوەیەدا بەندکراوان پابەندی ڕێنماییەکانی کارگێڕی بەندیخانە نابن، بۆیە لەسەر پزیشك پێویستە بەپێی ئەو متمانەی پێشتر لەگەڵیاندا دروستی کردووە هەوڵبدات ئەو بەندکراوە مانگرتوانە ڕینمایی و چارەسەری جەستەیی و دەروونیان بکات، بێ ئەوەی ناچاری خواردنیان بکات و دەبێت ڕێز لەو بۆچونانەیان بگرن کە بۆ بەدیهێنانی داواکارییەکانیان گرتویانەتە بەر، بەڵام پێویستە بەردەوام لەگەڵیاندا بێت و ئەو ڕێگا و ڕێوشوێنانە بگرێتەبەر کە لەو کاتەدا پێویستە بۆ پشکنین و چارەسەرکردنیان تا تووشی نەخۆشی درێژخایەن نەبن.

## چوارەم: پرۆگرامی کارکردن:

مەبەست لە کارکردنی بەندکراوان لەنێو بەندیخانەکان گۆڕانکاری بەسەردا هاتوە، شانبەشانی ئەو گۆڕانە بەسەر مەبەست و ئامانج لە سزادا هات، هەر بۆیە مەبەست لە کارکردنی تاوانباران بە چەند قۆناغێك تێپەریوە کە گرنگترینیان ئەمانەن:-

**قۆناغی یەکەم/ئازاردان:** لە سەرەتای پەیدابوونی سیستەمی کارکردن لە بەندیخانەکان، مەبەست لەسەپاندنی بەسەر تاوانبار ئازار و ئەشکەنجەدانی بووە. لەسەدەی حەڤدەهەمدا ئاماژەیان بەوە دەکرد کەدەبێ کارکردن توندووتیژ و ڕیسواکار بێت بۆ بەندکراو، هەر بۆیە جۆرێك لەسزادان بەناوی ئیشی زەحمەت (اعمال شاقه) دەرکەوت، ئەویش بریتییە لەناچارکردنی بەندکراو بە جۆرە ئیشێکی زەحمەت و ئازار بەخش. شایەنی باسە هەتا ئەمرۆش لە هەندێك لە یاساکانی ولأتانی جیهاندا کارکردن بەسزای ناوبراو دەکرێت لەمانە یاسای سزادانی میسری و سوری، بنەماکانی لایەنی کەمی مافەکانی بەندکراو ماددەی (۱/۷۱) هەموو جۆرە ئازاردانێك لە کارکردنی بەندکراوان بەدوور دەخاتەوە لەنێو بەندیخانەکاندا، دەڵێت (لايجوز ان يكون العمل في السجن ذات طبيعة مؤلمة).

**قۆناغی دووەم/ئابووری:** کاتێك بینرا کارکردنی بەندکراو وەکو سزایەك بەرهەمێکی هەیە، دەتوانرێت پشتی پێ ببەسترێ بۆ داپۆشینی پێداویستیەکانی ناو بەندیخانە، پرەنسیپی (پشت بەستن بەخۆ)دەرکەوت بێ ئەوەی گوێ بدرێت بە حەزو و ئارەزووو و توانای بەندکراو بۆ جۆری کارەکە، هەرچەندە بەدەستهێنانی بەرهەم لە کارکردن لەنێو بەندیخانە یارمەتی لایەنی ئابووری دەدات، بەڵام ئامانجێکی سەرەکی نیە لە پرۆسەی سزای نۆیدا، هەروەك بنەمایەکانی لایەنی کەمی مامەڵەکردن لەگەڵ بەندکراو ئاماژەی پێکردووە لە ڕێسای (۷۲)ی برگەی (۲)، هەرووەها لە کۆنگرەی لاهای ساڵی ۱۹۵۰ بۆ قەڵاچۆکردنی تاوان و مامەڵەکردنی تاوانباران ئەمەی ڕاسپاردووە.

**قۆناغی سێیەم/ چاکسازی و ڕاهێنانەوە:** پاش ئەوەی مەبەستی سزا بوو بە چاکسازی و ڕاهێنان، کارکردنی بەندکراوان لە بەندیخانەکاندا بوو بە بەشێك لە پرۆسەی چاکسازی و ڕاهێنان، چونکە لەلایەکەوە دەبێتەهۆی پەیداکردنی گیانی هاریکاری لە نێوان بەندکراوان و ئەندامانی کارگێری دامودەزگاکە، لەلایەکیترەوە دەبێتە هۆی دروستبوون و گەشەسەندنی توانست و بەهرە و متمانە بەخۆکردن لەلای بەندکراو، هەروەك دەبێتەهۆی چاندنی گیانی کارکردن و ڕاهاتن لەسەری، ئەمەش دەبێتە هۆی دوورخستنەوەی لە تاوان و بەرە و ژیانی ئاسایی دەیبات بێ ئەوەی مەترسی هەبێت لەسەر کۆمەڵگە، هەتا دوای دەرچوونی لە بەندیخانە سوودمەندە بۆ پەیداکردنی بژێوی ڕۆژانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەی مەبەست لە کارکردن لەکاتی ئێستادا

بریتییە لە چاکسازی و ڕاهێنانەوە؛ گەلێ سودی تریش لە سیستەمی کارکردن لەنێو بەندیخانەکان دێتەدی، کە بریتییە لە بەشداریکردن لە ئابووری نێو بەندیخانە و پاراستنی سیستەمی نێودا، لەبەرئەوەی کارکردن بە مافێك دادەنرێت لە مافەکامی بەندکراو، کەواتە **چەند ئاکامێك دەبێت بەدی بکرێت لەکارکردندا** کە ئەمانەن:-

**یەکەم/** کارگێری دامودەزگا چاکسازییەکان دەبێت پابەندن بێت بەوەی کار بۆ هەموو بەندکراوێك دابین بکات، ئەگەر توانای کارکردنی هەبێت. لێرەدا **چەند مەرجێك هەیە دەبێت بێتەدی لەو کارەی دامودەزگای ناوبراو دابینی دەکات** لەمانە:-

١- دەبێت کارەکە هاوشێوەی ئەو کارە بێت کە لەدەرەوەی بەندیخانە ئەنجامدەدرێت، لەهەمان باری تەندرووستی ئەنجامبدرێت لەبەر ڕووناکی و هەوای پاك و دابینکردنی پێداویستییەکانی کارکردن لە ئامراز و ئامێری پێویست و ماوەی کارکردن و پشوودان و مۆڵەت ...هتد، هەرووەك لە بەندی (٧٥)ی کۆمەڵە ڕێساکانی لانی کەمی مامەڵەکردن لەگەڵ بەندکراو ئاماژەی پێکراوە کەوا کاتی کارکردن؛ ڕۆژانە بێت یان هەفتانە، دەبێ بە یاسا دیاری بکرێت لەگەڵ ڕەچاوکردنی دابونەریتی کارکردن لە هەر شوێنێك، لە بەندی (٧٢) هاتووە کەوا دەبێ ئیش لە بەندیخانە هاوشێوەی ئیشکردن بێت لەدەرەوەی بەندیخانە، بەپێی توانا، تاکو بەندکراو بتوانێت لە دوارۆژ ڕووبەڕووی بارودۆخی سروشتی ژیانی پیشەیی ببێتەوە.

٢- دەبێت ئیشەکە بەرهەمهێنەر و سوودمەند بێت، چونکە ئەمە مەعنەویاتی بەندکراو بەرز دەکاتەوە و متمانەی بەخۆ زیاد دەکات، وای لێدەکات هەست بە بەهای ئیشەکەی بکات و، هەر پەیوەست بێت بەو ئیشەی هەتا دوای ئازاد کردنیشی لەبەندیخانە.

٣- ئەبێت ئیش لەنێو بەندیخانە هەمەجۆر بێت، تاکو لەگەڵ حەزو و ئارەزوو و توانای بەندکراو بگونجێت.

٤- نابێت بەندکراو سەرقاڵ بکرێت بە ئیشێك کە دابونەریتی کۆمەڵگا پەسەندی ناکات.

**دووەم/** دەستکەوتنی کرێ یەکێکە لە مافەکانی بەندکراو وەك لە بەندی (٣٢)ی جاردانی مافی مرۆڤدا هاتووە کە هەر کەسێك بەبێ جیاوازی مافی ئەوەی هەیە کە کرێ وەربگرێت لەبەرامبەر ئەو کارەی ئەنجامی دەدات.

**سێیەم/** سوود وەرگرتن لە یارمەتی بیمە و (الضمانات) خزمەتگوزارییە کۆمەلایەتیەکان، واتا پاراستنی بەندکراو لە مەترسیەکانی کارکردن کە لە ئاکامی بەکارهێنانی ئامراز وئامێری زانستی و تەکنەلۆژی دووچاری دەبێت، یان لە ئاکامی ئەو بارووددۆخەی کە ئیشەکەی تیا ئەنجام دەدرێت، یان بەهۆی سروشتی کارەکە، کە لەوانەیە ببێتە هۆی توش بوون بە نەخۆشی، ئەمەش بە هەمان شێوە و مەرجەکانی کە یاسا بریاری لەسەر دەدات، بۆ کرێکارە ئازادەکان لەدەرەوەی بەندیخانە.

**چوارەم/** هەڵبژاردنی جۆری کارەکە لەلایەن بەندکراوان مافێکی ڕەوایانە، بۆیە دەبێ جۆری کارەکە بە ویست و ئارەزووی بەندکراو بێت، لەگەڵ حەزو و ئارەزوو و توانای جەستەی و عەقڵی بگونجێ. هەروەك لە بەندی (٧١)ی برگەی (٦) لە کۆمەڵەی ڕێساکانی لانی کەمی مافەکانی بەندکراو ئاماژەی پێکراوە.

(یاسادانەری عێراقی) لە یاسای دامودەزگای گشتی چاکسازی کۆمەلایەتی ئاماژەی بە کارکردنی بەندکراوان کردووە، لە بەندەکانی (١٨)تا(٢٠)، لەبەندی(١٨)دا هاتووە کەوا (کارکردن مافێکی بەندکراوە لە سنووری توانا و ئارەزوو و بنەماکانی پیشە

ئەنجامی دەدات، ئەمەش بەمەبەستی ڕاهێنانەوە و ئامادەکردنی هۆکارەکانی بژێوی دوای بەسەربردنی ماوەی بەندکراوییەکەی، هەروەها لە بەندی (١٩)دا جەخت لەسەر ئەوە دەکات (بەکارخستن بەشێکە لە پرۆسەی جێبەجێکردنی سزا نەك وەك سزایەك، هەر بۆیە لەسەر لیژنە هونەرییەکان پێویستە سەیری کارکردن بکەن وەك پێداویستییەکانی پاراستنی بەندکراو و کۆمەڵگا، هەروەك لە بەندی (٢٠) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بارودۆخی ئەنجامدانی ئیش لە بەندیخانە دەبێ وەکو هەمان بارودۆخی کارکردن بێت لە دەرەوەی بەندیخانەکان لە هەموو ڕوویەکەوە هەروەك دەبێ ئامرازەکانی پاراستنی سەلامەتی بەندکراو لەکاتی کارکردن هەمان ئەو ئامرازانە بێت کە بۆ کرێکاری ئازاد دابین دەکرێت، لە کۆتاییدا یاسای ناوبراو جەخت لەسەر ئەوە دەکات کەوا ڕێنماییەکانی ئەنجومەنی کارگێری بەندیخانە بنەماکانی کارکردن و کرێی بەندکراو لە نێو بەندیخانە دیاری دەکات.

## ڕێکخستنی یاسایی کارکردنی لە بەندیخانەدا:

ڕێکخستنی یاسایی بۆ کارکردن لەنێو بەندیخانەکان دەگۆڕێت بەپێی ڕۆڵی کارگێری بەندیخانە لە سەرپەرشتیکردنی ئەم کارە، لەوانەیە هەر نەی بێت یاخود سەرپەرشتی گشتی بۆخۆی بێت لەوانەشە مام ناوەند بێت، هەر بۆیە چەند سیستەمێکی کارکردن پەیڕەو دەکرێت کە ئەمانەن:

١- سیستەمی قۆنتەرات.
٢- سیستەمی بەکارهێنانی ڕاستەوخۆ.
٣- سیستەمی هێنانی کەلوپەل.
٤- سیستەمی گرێبەند.

### ١- سیستەمی قۆنتەرات:

بەپێی ئەم سیستەمە، دەوڵەت مەسەلەی کارکردنی بەندکراو دەخاتە ئەستۆی کەسێك لە کەرتی تایبەت، بەجۆرێك ئەو کەسە جۆری کارکردن و مەرجەکانی دیاری دەکات و ئامرازو و کەرەستەی سەرەتایی ئامادە دەکات و سەرپەرشتی تەواوی پرۆسەی کارکردنەکە لەلایەن ئەو کەسە ئەنجامدەدرێت بەرامبەر بە دابینکردنی کرێی کارکردنیان، ئەم سیستەمە چاکییەکەی لەوەدایە کە قورسایی دارایی سەرشانی دەوڵەت سوك دەکات سەبارەت بە بژێوی بەندکراوان و سەرپەرشتی کردنیان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێتە هۆی پشتگوێخستنی مەبەستی سەرەکی لە کارکردن کە بریتییە لە چاکسازی تاوانباران، تەنیا بایەخ بە بەرهەمی زۆر و قازانج زیاتر دەدرێت لەم سیستەمەدا.

### ٢- سیستەمی بەکارهێنانی ڕاستەوخۆ:

بەپێچەوانەی سیستەمی پێشوو، لێرەدا دەوڵەت یان کارگێری دامودەزگای چاکسازی خۆی هەڵدەستی بە پرۆسەی بەکارهێنانی بەندکراوان و دابینکردنی گشت پێداویستیەکانی کارکردنیان، لەگەڵ بێدانی کرێ کارکردنیان، هەر چەندە ئەم سیستەمە تێچونی زۆر دەخاتە سەر شانی دەسەلات، بەڵام دەبێتە هێنانەدی مەبەستی سەرەکی سزا لە چاکسازی و ڕاهێنانی تاوانباران، هەر بۆیە کۆمەڵە ڕێساکانی لانی کەمی مامەڵەکردن لەگەڵ بەندکراوان لە بەندی (٧٣) برگەی یەکەم جەخت لەسەر ئەوە

دەكات كە دەبێت دەزگا پیشەسازی و كشتوكاڵییە سزاییەكان دەسەڵات ئاراستەی بكات نابێ بخرێتە ئەستۆی كەسانی كەرتی تایبەت. نابێت ئەم سیستەمە دووربخرێتەوە لەسەر ئەو بنەمایەی بارێكی گرانە بەسەر میزانیەی دەوڵەت، لەبەرئەوەی بەندیخانە دامودەزگایەكی چاكسازی و چارەسەرییە نەك بەرهەم هێنان.

### ٣- سیستەمی هێنانی كەل و پەل:

ئەم سیستەمە مام ناوەندە لەنێوان هەردوو سیستەمەكەی پێشوو بە جۆرێك كارگێری دامودەزگای چاكسازی پەیمان دەبەستێ لەگەڵ یەكێ لە كەرتی تایبەت سەبارەت بە دابینكردنی ئامرازو و كەرەستەی سەرەتایی پێویست بۆ بەكارخستنی بەندكراوان، بۆئەوەی بەندكراوان هەڵسن بە بەرهەمهێنان، بەهۆی ئەم ئامراز و كەرەستانە لەژێر چاودێری كارگێری دامودەزگای چاكسازی، بەڵام بۆ بەرژەوەندی ئەو كەسە، ئەمەش بەرامبەر برێك پارە وەك كرێ كە دەیدات بە بەندكراو، كەواتە لێرەدا كارگێری دامودەزگا خۆی سەرپەرشتی بەندكراوان دەكات بەجۆرێك دەتوانێت بەو ئاراستەی بەرێت كە دەبێتە هۆی چاكسازی تاوانباران، لەهەمانكاتیشدا ئەركی سەرشانی سوك دەبێت لەڕووی دارایی، بەڵام كەم كەس هەیە كە ڕێگا بدات ئیشی بۆ ئەنجامبدرێت بێ ئەوەی خۆی سەرپەرشتی بكات.

### ٤- سیستەمی گرێبەند:

ئەم سیستەمە بریتییە لەبەستنی گرێبەند لەنێوان بەندیخانە و دامودەزگا بەرهەمهێنەرەكانی دەرەوە، بەهۆیەوە بەندكراو دەنێرێت بۆ ئەم دامودەزگایانە، بۆ ئەنجامدانی ئیش و بەرهەمهێنان، دوای تەواو بوونی بەندكراوان لە كارەكەیان، دەگەرێتەوە بەندیخانە، بەرامبەر كرێی كرێكاری ئازاد، ئەم سیستەمە مەترسی هەیە لەلایەنی كۆنترۆڵكردنی بەندكراوان لە كاتی گواستنەوەیان و ئەنجامدانی ئیش لە دەزگا بەرهەمهێنەرەكان، بەجۆرێك جێبەجێكردنی زۆر زەحمەتە لەلایەنی پڕاكتیزیەوە.

## پێنجەم: پڕۆگرامی فێركردن:

نەزانی و نەخوێندەواری هۆكارێكی دروستبوونی تاوانە، لەرێگای ئەم پرۆگرامە ئەم فاكتەرە ترسناكەی تاوان بنبڕ دەكرێت، وەكو دەزانرێت شیاندنی كۆمەڵایەتی و خۆگونجاندنی كۆمەڵایەتی بۆچاكسازی عەقڵی و دەروونی و كۆمەڵایەتی كەسی تاوانبارە، باشترین ڕێگاو شێوازیش بۆچاكسازی لەو پرۆگرامە بریتییە لە فێركردن، هەر بۆیە فێركردن گرنگی زۆری لە دامەزراوە چاكسازییەكاندا هەیە، لەوانەش:-

١- دەتوانێ یەكێك لە هۆكارەكانی ڕەفتاری تاوانكاری لابەرێت، ئەویش نەخوێندەوارییە لای بەنكراوان، ئەمەش هۆكاری گەڕانەوە بۆتاوان ناهێڵێت، چونكە زۆرێك لەو توێژینەوانەی لە بواری زانستی تاواندا ئەنجامدراون ئەوە دووپات دەكەنەوە كە نەزانی یەكێكە لە هۆكارە سەرەكییەكانی تاوانكردن لای تاوانباران.

٢- خۆشەویستی سیستەم و گوێرایەڵی و ڕێزگرتنی یاسا لە ناخی بەندكراوان پەرەپێدەدات.

٣- كاتی دەستبەتاڵی بەندكراوان پڕدەكاتەوە لە ڕێگەی خوێندنەوە و وێنەكێشان یان هەر كارێكی دیكەی ڕۆشنبیری، كە بەندكراوەكە ئارەزووی لێ بكەن و سودی بۆی هەبێت، ئەمەش یارمەتیدەدات بۆ لابردنی ئەو بارودۆخە دەروونییە ناخۆشە لەسەریان، بەهۆی زەوتكردنی ئازادی، ئەمەش دەبێتەهۆی كەمكردنەوەی توندوتیژی لەناو بەندیخانەدا.

٤- ئازادكراوی ڕۆشنبیر و فێركراو، دەرفەتی كاركردن و ژیانێكی ئاسایی باشترە بە بەراورد بەئازادكراوێكی ناڕۆشنبیر و نەخوێندەوار.

٥- پێگەیشتنی تواناكانی ژیری لای بەندكراو، ئەمەش وادەكات گۆڕان بەسەر شێوەی بیركردنەوەی و ڕەفتارەكانیدا بێت.

**هەر لەبارەی گرنگی ڕۆڵی فێركردن لەنێو دامەزراوە چاكسازییەكاندا كۆمەڵە ڕێسای لایەنی كەمی مامەڵەكردن لەڕێسای (٧٧)كە لە دوو برگە پێك هاتوە دەڵێت:-**

أ- پێویستە كاربكرێت بۆ فەراهەمكردنی كەرەستەكانی پەرەپێدانی فێركردن بۆ سەرجەم ئەو بەندكراوانەی كە دەتوانن سودی لێوەربگرن، پێویستیشە فێركردن زۆرە ملێ بێت بۆ ئەو بەندكراوانەی كە نەخوێندەوارن، یان تەمەنیان بچوكە.

ب- پێویستە بەپێی توانا و بە پراكتیكی فێركردنی بەندكراوان گونجاو و تەواوكار بێت لەگەڵ سیستەمی فێركردنی گشتی وولأتدا، بۆئەوەی بەندكراو بەبێ گرفت لەدوای تەواوكردنی وادەی سزاكەیان بتوانن درێژە بەخوێندن بدەن لەدەرەوەی بەندیخانە.

## بوارەكانی فێركردن:

بەگشتی فێركردن لەدامەزراوە چاكسازییەكاندا لە دوو بواری سەرەكی خۆی دەبینێتەوە:

١- فێركردنی گشتی

٢- فێركردنی تایبەتی یان هونەری (پیشەیی)

١- **فێركردنی گشتی:-** مەبەست لە فێركردنی گشتی ئەو فێركردنەیە كە لەلایەن دەوڵەتەوە بەشێوەیەكی ڕێكخراو ئەنجامدەدرێت، بە ئامانجی نەهێشتنی نەخوێندەواری و بەخشینی زانیاری پێویست بە بەندكراوان، لەهەر سێ قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی، لە زانستی سزای نوێدا بەلایەنی كەمەوە دەبێت خوێندنی سەرەتای بەزۆرەملێ بێت بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری، هەروەها لەحاڵەتی بەندكردنی ماوەدرێژدا بەندكراو دەبێت درێژە بەخوێندن بدات و قۆناغەكانی ناوەندی و دواناوەندی تەواو بكات. لە سیستەمی سزای فەرەنسیدا سەبارەت بەفێركردنی گشتی هاتووە كە بەندكراو ئەگەر بروانامەی ئامادەیی بەدەست هێناو ویستی درێژە بەخوێندن بدات و زانكۆ تەواو بكات پێویستە بواری بۆ بڕەخسێ بۆ هێنانەدی ئەو حەزو هیوایەی، لە هەرێمی كوردستانیش كار بەهەمان یاسا دەكرێت.

٢- **فێركردنی تایبەتی یان هونەری ( پیشەیی )** ئەو خوێندنەیە كەتیایدا بەندكراو فێری كارو پیشەییەك دەكرێت بەشێوەیەكی زانستی لەڕووی هونەری و پراكتیكی وەكو ( ئاسنگەری، دارتاشی، بەرگدرووین، قژبرین، ...هتد) ئەمڕۆ لە زانستی سزادا بایەخێكی تەواو بەم جۆرە خوێندنە دەدرێت بۆ ئامادەكردنی بەندكراو بۆ ژیانێكی پراكتیكی لە كۆمەڵگادا دوای ئەوەی ئازاد دەكرێت تاكو بتوانێت دژی بێكاری و مەترسیەكانی بوەستێت، ببێتە خاوەن پیشەیەك و بژێوی خۆی و خێزانەكەی پێ دابین بكات، بە تایبەت زۆر لە توێژینەوەكان ئەوە دەسەلمێنن كە بێكاری یەكێكە لەهۆكارەكانی تاوان كردن.

لەپێناو بەدەستهێنانی ئامانجەكانی فێركردنی پیشەیی، دەبێت لەلایەن كارگێری بەندیخانەوە پرۆگرامەكان ئامادە بكرێن، بەشێوەیەك جۆری پیشەكان بەرامبەر بە پێویستییەكانی كۆمەڵگا بێت، ئەمەش وا پێویست دەكات كارمەندی هونەری

مەشق پێكراو ئامادەبكرێت، بۆ جێبەجێكردنی ئەم پرۆگرامە لەگەڵ بەخشینی بڕوانامەی دەرچوون لە خولەكان بەبێ نوسینی شوێنی بەدەستهێنانی (بەندیخانە).

## شێوازەكانی فێركردن:

شێواز و كەرەستەكانی فێركردن زۆرن، كە كارگێری بەندیخانە بەمەبەستی فێركردنی بەندكراوان پشتی پێدەبەستی، گرنگترینیان بریتین لە:-

١- **وانەگوتنـــەوە:** پێویستە لـەنێو دامـەزراوە چاكسازییەكاندا شـوێنێك بـۆ فێركـردن تـەرخان بكرێـت بـەناوی قوتابخانـەی بەندیخانە، هەموو كەرەستە و پێویستیەكانی فێركردنی تێدا دابین بكرێت، دەبێت دەستەیەكی زانستی (فێركردن) هەبێت، سەرپەرشتی پـرۆژەی خوێنـدن بكـات، بـۆ هـەر دامەزراوەیـەك بەرێوەبـەرێك دابنرێـت، لەهەمانكاتـدا دەبێـت مامۆسـتایان و ڕاهێنەرەكان مەشقی تایبەتیان پێبكرێت، چونكە وانەگوتنەوە لە دامەزراوە چاكسازییەكاندا جیاوازە بە بەراورد بە دەرەوەی دامەزراوەكە، مامۆستا ڕووبەڕووی كۆمەڵێ دەبێتەوە جیاوازن لە قوتابی ئاسایی، لەڕووی تەمەن و توانای وەرگرتنی زانستی و ڕەفتار و ئاكارەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا پێویستە پرۆسەی فێركـردن لـە بەندیخانـە بـە هـەمان ڕێـڕەوی فێركردنـی گشـتیدا بڕوات، تا دەرفەت بۆ بەندكراوان برەخسێت دوای تـەواو بـوونی وادەی سـزاكەیان درێـژە بەخوێنـدن بـدەن، ئەمـەش پێویسـت دەكات كارگێری بەندیخانـە بڕوانامـە ببەخشـێتە ئـەو قوتابیـەی كـە قۆناغـەكانی خوێنـدن بەسـەركەوتویی تـەواو دەكـەن، كە هـەمان بـڕوا نامـە بێـت، كـە لـە قوتابخانـە ئاسـاییەكان دەبەخشـرێتە قوتابیـان، لەگـەڵ ناونـەهێنانی شـوێنی بەدەسـتهێنانی بڕوانامەكـە، لـەپێناو بەدەسـتهێنانی ئەمـە دەبێـت هەماهەنگییـەكی تـەواو هـەبێت لـەنێوان كـارگێری بەندیخانـەو وەزارەتـی پەروەردە.

٢- **كتێبخانــە:** كتێبخانـە یەكێكـە لـە كەرەسـتە هـەرە گرنگـەكانی فێركـردن، دەتوانرێـت لـە ڕێگەیـەوە بەنـدكراوان ئاسـتی ڕۆشـنبیریان پەرەپێبـدەن، ئەمـەش بـەبوونی كۆمـەڵێك كتێبـی زانسـتی و ئـەدەبی و پـەروەردەیی و كۆمەڵایـەتی و دەروونـی و سیاسی و یاسای و هونەری.... دەبێت، تا بەندكراو دەرفـەتی بـۆ بڕەخسێت سـەردانی كتێبخانـە بكـات. ئامـاری بەندیخانـەكانی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا ئەوە دەسەلمێنن كە بەندكراوی خوێنـدەوار پێـنج جار ئەوەنـدەی كەسـانی ئاسـایی دەرەوەی بەندیخانە دەخوێننەوە. هەر لەبەر ئەمە زۆربەی دامەزراوە چاكسازی و سـزاییەكانی جیهـان بایـەخ دەدەن بـە فەراهـەمكردنی كتێبخانە بۆ بەندكراوان، هەر لەم بارەوە كۆمەڵە ڕێسای لایەنی كەمی مامەڵەكردن لەگەڵ بەند كراوان لەڕێسای (٤٠)دا دەڵێت (پێویستە لەهەموو دامەزراوەكاندا كتێبخانەیـەكی تایبـەت هـەبێت بـۆ هـەموو گروپـەكانی نێـو بەندیخانـە و بـەپێی پێویسـت كتێبی ڕۆشنبیری و ئاسودە بەخش لەخۆبگرێت، هـانی بەنـدكراوانیش بـدرێت بەباشـی سـودی لێوەربگرن)، ئەمـەش پێویسـت دەكـات فەرمانبـەرێكی مەشـق پێكـراو و خـاوەن بڕوانامـە لـەم بـوارەدا، كتێبخانـەی بەندیخانـە بـەڕێوە ببـات، دەبێـت توانـای هەڵبژاردنی كتێب و سەرنج ڕاكێشانی بەندكراوان و هاندانیان بۆ خوێندنەوەی كتێب هەبێت.

٣- **ڕۆژنامــە:** یەكێكـە لـە كەرەسـتە ناڕاسـتەوخۆكان كـە ڕۆڵێكـی گرنگـی لـە بەدەسـتهێنانی ئامانجـەكانی فێركـردن هەیـە، ئامرازێكیشە بۆ پەیوەندی نێوان بەندكراو و كۆمەڵگا، كە ئامادەی دەكات بـۆ ئـەوەی دوای تـەواوبوونی وادەی سزاكەی لەگـەڵ

کۆمەڵگادا بگونجێت، بۆ ئەمەش لەسەر کارگێری دامەزراوەکە پێویستە ئاسانکاری بکات لە سەرلەنوێ گونجاندنی بەندکراو لەگەڵ کۆمەڵگەدا، لەهەمانکاتدا مافێکی ڕەوای بەندکراوە هەواڵی کۆمەڵگاکەی بزانێت، بەڵام هەندێك دژی هێنانە ژوورەوەی ڕۆژنامە و گۆڤارن بۆ نێو بەندیخانە، چونکە وای دەبینن ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە هەندێك جار هەواڵی وا لەخۆدەگرن لەسەر تاوان و تاوانباران، دەبێتەهۆی زیاتر خراپبوونی بەندکراوان، لەبری ئەوەی یارمەتی پرۆسەی چاککردنیان بدات. لەم ڕوانگەیەوە کۆمەڵە ڕێسای لانی کەمی مامەڵەکردن لەگەڵ بەندکراوان لەڕێسای (٣٩)دەڵێت (پێویستە بوار بە بەندکراوان بدرێت لە ڕێگای ڕۆژنامە ڕۆژانیەکان یان خولییەکان یان هەر بڵاوکراوەیەکی تایبەتییەوە کارگێری بەندیخانە بڵاوی بکاتەوە، یاخود گوێگرتن لە ڕادیۆکان یان پێ وتنەوەی وانە، یان هەر ڕێگایەکیتر کە کارگێڕی ڕێگە بدات لە ژێر سەرپەرشتی ئەواندا بێت، بەردەوام ئاگایان لە ڕووداوە گرنگەکان بێت.

٤- **چالاکی ڕۆشنبیری و ڕابواردن:** مەبەست لەچالاکییە ڕۆشنبیرییەکان هەموو ئەو چالاکییانە دەگرێتەوە، کە دەتوانێ پەرە بە ئاستی ڕۆشنبیری و هزری بەندکراوان بدات، وەکو؛ بوونی کتێبخانە و وانەوتنەوە و ڕۆژنامە، بەڵام لە دامەزراوە چاکسازییە نوێییەکاندا چالاکی ڕابواردن و دڵنەوایی جۆراوجۆر بۆ بەندکراوان ئەنجام دەدرێت، گرنگترینیان بریتین لە:-

أ- ئەنجامدانی یاری تۆپی پێ لە نێوان دوو تیپدا و بەندکراوانی دیکەش ئامادەی بینینی یارییەکەبن.

ب- سینەما کە هەفتەی یەك جار فیلمی جۆراوجۆر بۆ بەندکراوان پەخش بکات.

ج- ڕادیۆ، بەندکراوان ڕۆژی دووجار دوای نیوەڕۆ و ئێوارە گوێ لە ڕادیۆ دەگرن.

د- یاری شەترەنج، دۆمینە، ... هتد.

هـ- میوزیك و نواندن و وێنەکێشان و پەیکەر تاشین.

لایەنێکی دیکە لەسەردەمی ئێستا بایەخێکی زۆر دەدرێت بە بەکارهێنانی ئینتەرنێت بۆ بەندکراون لەنێو بەندیخانەدا، بەڵام دەبێت دەستەی کارگێری ڕێووشوێنی چاودێری پێویست بگرێتەبەر، چونکە لەوانەیە بوار برەخسێت بۆهەندێ چالاکی ناساز. هەر سەبارەت بە چالاکی ڕۆشنبیری و ڕابواردن کۆمەڵە ڕیسای لانی کەمی مامەڵەکردن لەگەڵ بەندکراوان لەڕێسای (٧٨) دەڵێت (پێویستە چالاکی ڕۆشنبیری و ڕابواردن لە سەرجەم دامەزراوە چاکسازییەکان فەراهەم بکرێت تا پارێزگاری لەتەندروستی، جەستەیی و عەقڵی بەندکراوان بکرێت).

## شەشەم: پرۆگرامی پەروەردەیی ئایینی و ڕەوشتی:

پرۆگرامی پەروەردەیی ئایینی مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە لەگەڵ دەزگا سزاییەکان، ئەمەش چاکەی هەیە لە دروستبوونی سیستەمی سزایی نوێ، بیرۆکەی تۆبەی ئایینی ناوکی ڕاهێنانی نوێیە. توێژەران دەڵێن بەبێ پەروەردەی ئایینی ناتوانین بگەینە مەبەستەکانی سزا لە چاکسازی و ڕاهێناندا، گرنگی ئەوەش کاتێك ڕوون دەبێتەوە کە تێبینی دەکەین زۆربەی بەندکراوان هۆکاری تاوانیان دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی بەهای ئایینی لە ناخیاندا. جا بەڕێگای پەروەردەی ئایینی دەتوانین هۆکاری گرنگی تاوان بنبڕ بکەین، هەروەها دەسەڵاتی ئایین لە دەزگا چاکسازییەکاندا زۆر بەهێزە بەشێوەیەکی تایبەت، چونکە مرۆڤ لە کاتە تەنگانەکاندا لەخوادا نزیك دەبێتەوە ئەو کاتانەش لە ژیانی بەندکراوان زۆرن، بەتایبەتی لەکاتی پەشیمان بوونەوە و سەرکۆنەکردنی ویژدان، لەلایەکیترەوە بەندکراو لە ئەنجامدانی ڕێوڕەسمە ئاینیەکان و گوێگرتن لە ئامۆژگارییەکان ئاسودەییەکی دەروونی بۆ دەگەڕێتەوە، ئەمەش وادەکات سوور بێت لەسەر بەردەوامبوون لە پەروەردەکردنی ئایینی و ئامادەبێت سود لە پرۆگرامەکانی تری چاکسازی وەرگرێت. تا پرۆگرامی پەروەردەی ئایینی کاریگەر بێت دەبێت ئامانجی گەشەکردن بێت بە هەستی ئەخلاقی و فێرکردنی یاسای تەندروست لەلای بەندکراوان، بەمانای جەخت لەسەر پەروەردەکردن و چاکسازیکردنی جەوهەری مرۆڤ بکات، بە ئارەزوو و باوەڕ نەك پرۆگرامەکە کورت بکرێتەوە لەسەر فێرکردنی شتە دووبارەبووەکان.

بۆ دڵنیابوون لەسەر تەواوکردنی کاریگەری پرۆگرامی ئایینی لە بواری چاکسازی و ڕاهێناندا، دەبێت ئەرکی جێبەجێکردنی ئەم پرۆگرامە بکەوێتە ئەستۆی پیاوێکی ئایینی کە مەرجی زانستی تەواوی دەربارەی ڕێسا ئایینیەکان تێدابێت، لەگەڵ ئەمەشدا دەبێت ڕاهێنراو و مەشق پێکراو بێت بۆ کارکردن لەبەندیخانەکاندا. هەروەها دەبێت چەند مەرجێکی کەسایەتی تێدا بێت وەکو ئەوەی کە لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی سەر مەشق بێت بۆ بەندکراو، دەبێت بایەخ بە گرفتی بەندکراوەکان بدات، متمانەی بەخۆی هەبێت، لەو کەسانەش بێت کە گوێ لە گرفتی بەنکراو بگرێت تا بەندکراوان هان بدات بۆ باسکردنی گرفتەکانیان تا یارمەتیان بدات بۆ چارەسەرکردنی. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دەبێت ماموستای ئاینی زانیارییە بنەرەتییەکانی کۆمەڵناسی و دەروونناسی و پزیشکی و مرۆڤناسی... هتد بزانێت.

**گرنگترین ئەو ئەرکانەی دەکەوێتە سەرشانی ماموستای ئایینی لە بەندیخانە، بریتیین لەمانە:-**

١- جێبەجێکردنی ڕێوڕەسمە ئایینیەکان لەگەڵ بەندکراوان.

٢- پێشکەشکردنی وتاری ئایینی و پەرستنی خودا و ناساندنی فەرموودەکانی پێغەمبەر(ﷺ) (ص).

ت- ئاشناکردنەوەی بەندکراوان ناسینی ئەو بەها ئەخلاقیانەی کەخەسڵەتە باشەکان، لەناو ناخی بەندکراوان دروست بکات،

ئەمەش پێویست دەکات ماموستای ئایینی بە بەردەوامی لەبەندیخانە کار بکات. بۆ ئەوەی ماموستای ئایینی بتوانێت بە ئەرکەکانی خۆی هەڵبستێت دەبێت لە بەندیخانە شوێنێکی تایبەت هەبێت (مزگەوتی بەندیخانە) بۆ ئەنجامدانی ڕێورەسمە ئاینییەکان  و وتاردان، لەگەڵ دابینکردنی کەلوپەل و کتێبی پێویستیش بۆ ئەم مەبەستە، لەهەمانکاتدا دەبێت کاتەکانی مومارەسەکردنی ڕێوڕەسمە ئاینییەکان و وتاردان دەستنیشان کرابێت و کاتی پێویستی بۆ تەرخان کرا بێت. سەبارەت بەو

بەندکراوانەی کە ئایینەکەیان کەمینەیە لەبەندیخانە دەبێت ئیدارەی بەندیخانە گشت پێداویستیەکانی ئەنجامدانی ڕێوڕەسمە ئایینەکان لەگەڵ کتێبە ئاینییەکانیان بۆیان فەراهەمکات، کاتی گونجاویان بۆ تەرخان بکات لەگەڵ دابینکردنی ماموستای ئایینی کە بەشێوەی خولی سەردانیان بکات.

## حەوتەم: پرۆگرامی سزای تەمبێکردن و پاداشت:

پرۆگرامی تەمبێکردن و پاداشت گرنگیەکەی لە سەرووەری و پاراستنی سیستەم وەرگرتوە، گرنگی سیستەم لە کۆمەلگای بەندیخانەدا زۆر زیاترە بەراورد بە کۆمەلگای ئازاد، چونکە بەشێك لە بەندکراوەکان مروڤی توندوتیژن و گرفتی ڕەفتاریان هەیە، ئەمە جگە لەوەی ژیان لە بەندیخانە مۆرکێکی دروستکردوە کە کۆمەڵێك بەربەست لە خۆدەگرێت، هەندێکیش لەو بەربەستانە دژایەتی ئارەزووە سروشتییەکانی مرۆڤ دەکەن وەك ئارەزووی وەرگرتنەوەی ئازادی لە زەوتکردن، ئەمەش ئەگەری زیادکردنی پێشێلکارییەکان دەکات لە بەندیخانە، بۆ پاراستنی سیستەم و ڕێکخستنی ژیان لە بەندیخانە پێویستە سیستەمێك بسەپێنرێت کە سزا و پاداشت پاڵپشتی بکەن بەشێوەیەکی کارا.

وا پێویست دەکات، کارگێری بەندیخانە پێش سەپاندنی سزای تەمبێکردن و پێدانی پاداشت، بەندکراوەکان ئاشنا بکات بە ئەرك و مافەکانیان، ڕێسای (٣٥)ی لانی کەمی مامەڵەکردن لەگەڵ بەندکراوان دەڵێت (يجب ان يزود كل مسجون لمجرد قبولة فى السجن بتعليمات مكتوبة بشأن النضم المقررة لعاملة المسجونين من طائفتة، وقواعد التأديبة المعمولة بها فى المؤسسة، و الطرق المصرح بها للحصول على المعلومات وتقديم الشكاوى، وجميع المسائل الاخرى التي يجب المامة بها لمعرفة حقوقة و واجباتة وتكيف سلوكة وقفا لمقتضبات الحياة فى المؤسسة، واذ كان المسجون امييأ فيجب ان تبلغ اليه التعليمات السابقة شفويأ).

## گوزارشتکردن لە سیستەم (نظام) لە بەندیخانە دوو مانا لە خۆدەگرێت :-

١- **مانای فراوان** ئەم ڕێسایانە لە خۆدەگرێت کە دەستنیشانی ئەو ڕەفتارانە دەکەن کە دەگونجێ لەگەڵ مەبەستەکانی سزا، ئەم ڕێسایانەش فراوانن کە هەموو لایەنەکانی ژیانی بەندکراوەکە دەگرێتەوە و بەشێوەیەك ئاراستە دەکرێ کە بەرەو چاکسازی و ڕاهێنان بچێت، بۆ نمونە جێبەجێکردنی فەرمانەکان و پابەندبوون بە کار و گوێگرتن لە ئامۆژگارییەکان و پاراستی پاك و خاوێنی ... هتد، کە ئامانجەکەی ئەوەیە وابکەین بەندکراو سوودمەندبێت بەشێوەیەکی فراوان لەسیستەمی پەروەردەکردن و ڕاهێنان.

٢- **مانا تەسکەکەی**، بریتییە لەو ڕێسایانەی کە ڕێ لەبەردەم ڕاکردنی بەندکراوان دەگرێت، هێمنی و ئارامیش فەراهەمدەکات بەشێوەیەك ستافی بەندیخانە بتوانێت کارەکانی خۆی بەشێوەیەکی ڕێك وپێك ئەنجام بدات.

### پرۆگرامی سزای تەمبێکردن و پاداشت بریتیین لە :

**أ- سزای تەمبێکردن :** سزای تەمبێکردن بریتییە لە بڕێك ئازار کە ئیدارەی بەندیخانە دەیسەپێنێتە سەر ئەو بەندکراوانەی کە سەرپێچی ڕێسا ناوخۆییەکانی بەندیخانە دەکەن، وای لێدەکەن لە بارودۆخێکدا بێت جیاواز بێت لەوانیتر.

بەلام لەسەردەمی ئەمرۆدا سزای تەمبێکردن سوککراوەتەوە بە شێوەیەك کە میانڕەو و مۆرکی تۆڵەسەندنەوەی پێوە نەماوە، ئامرازێکیش نییە بۆ ڕسواکردنی بەندکراوان، هۆی ئەم گۆڕانکارییەش دەگەڕێتەوە بۆ؟

١- سووربوونی سیستەمی سزای نوێ لەسەر پاراستنی توانا جەستەیی و عەقڵی و دەروونییەکانی بەندکراو و، کەرامەتە مرۆییەکەی لە کاتی جێبەجێکردنی سزا بەگشتی سزای تەمبێکردن بەتایبەتی.

٢- لەلایەکیترەوە، سزای تەمبێکردن بۆتە سیستەمێکی چاکسازی کە ئامانجی پەروەردەکردنی بەندکراوە لەڕێگای بەرپەرچدانەوەی لە ڕەفتاری خراپ و سەرپێچیکردن لە ڕێسا و یاسای ناو بەندیخانە و گەشەکردن بە ئاراستە ئیجابیەکان لە ڕفتاری و پتەوکردنی بەها ئاکارییەکان لە هەڵسوکوتی بە ڕێگای سەپاندنی هەندێك سزا یان پابەندی لەسەری تا ڕابێت لەسەر هەلگرتنی بەرپرسیارییەتی و ڕێزگرتنی سیستەم و پابەندبوون بە ڕێسا ڕەفتارییەکانی نێو بەندیخانە.

تا سیستەمی سزای تەمبێکردن بتوانێت بە دروستی بە ئەرکی خۆی هەڵبستێت؛ دەبێت بەشێوەیەکی یاسایی و بەدەقێکی نوسراو ئەو ڕەفتارەی کە سەرپێچیە دەستنیشان بکرێت لەگەڵ جۆری سزاکە و ماوەیەکەی و ئەو دەسەڵاتە پسپۆڕەی کە جێبەجێی دەکات لەگەڵ فەراهەمکردنی زەمانەتە سەرەکییەکان، کە پەیوەندی بەبەندکراوەوە هەیە وەك مرۆڤێك و هاوڵاتیەك، گرنگترین بابەتەکانی فەراهەمکردنی زەمانات بریتیین لە جێبەجێکردنی سزای تەمبێکردن بە شێوەیەکی یەکسان لە نێوان بەندکراوان، نابێت بەندکراوێك سەرپشك بکرێت بۆ جێبەجێکردنی سزای تەمبێکردن لەسەر هاوڕێکانی، چونکە ناتوانێت ئەم دەسەڵاتە بەرەو ئامانجی دیاریکراوی ئاڕاستە بکات و، لەهەمانکاتدا دەبێتەهۆی تێکدانی پەیوەندی نێوان بەندکراوەکان، نابێت هیچ بەندکراوێك لەسەر سەرپێچییەك زیاتر لە جارێك سزا بدرێت.

دەبێت ئیدارەی بەندیخانە دان بەمافی بەندکراو بنێت لە گازاندەکردنی ئەو سزایانەی کە بۆی دەستنیشان کراوە لەلایەن دەسەلاتی سزادان، **پێداچونەوەی گازاندەکان** زۆر گرنگە بەهۆی ئەم دوو خاڵەوە:-

١- دڵنیایی لەسەر ئەوەی کە لیژنەی دیاریکراو دەسەلاتەکەی بەخراپ بەکارناهێنێ لەسزای تەمبێکردن.

٢- بۆ چاککردنەوەی هەر خراپییەکی بەکارهێنانی دەسەڵات لەکاتی دەستنیشانکردن و جێبەجێکردنی سزای تەمبێکردن.

بەندکراو کاتێك کە هەستی بە نادادوەری و ستەم کرد، یان خراپی مامەڵەکردن؛ متمانە و ڕێزی بە ئیدارە و سیستەمی چاکسازی نامێنێ، پێویستیشە کۆمەڵێك مەرج لە سزای تەمبێ کردن فەراهەم بکرێت کە بەشێوەیەك خزمەتی پرۆسەی چاکسازی و ڕاهێنان بکات، کە ئەمەش پێویست دەکات بەنکراو بێبەش نەبێت لە سیستەمی چارەسەرکردن، دووربوون لەو سزایانەی کە دەبێتەهۆی توشبوونی بەنەخۆشی جەستەیی و عەقڵی و دەروونی وەك بێبەشکردنی لە خواردن یان بەندکردن لە ژورێکی تاریك و خراپی هەوا گۆڕکێ دابنرێت، هەر سزاییەکی تەمبێ کردن جێبەجێ بکرێت دەبێت لەژێر چاودێری و سەرپەرشتی پزیشکی بێت بۆ پاراستنی بەندکراوان لە کاریگەرییە خراپەکانی کە لەگەڵ مەبەستە نوێیەکانی سزا ناگونجێت، لەم بوارەدا ڕێسای (٣١)ی لایەنی کەمی مامەڵەکردن لەگەڵ بەندکروان دەڵێت (تحظر العقوبة البدنية والعقاب بالوضع فى زنذانة مظلمة، وكل العقوبات القاسية وغير الانسانية حظراً تاماً كجزاءات تأديبي)(**هەموو جۆرە سزایەکی جەستەیی**

**و سزادان به دانانی له ژوورێکی تاریکدا قەدەغەیە، هەروەها هەموو سزایەکی دڕندانە و نامرۆڤانە بە توندی قەدەغە کراوە).**

## ب- سیستەمی پاداشت:

پاداشت به ئامرازێکی گرنگ دادەنرێت بۆ پاراستنی سیستەم لە بەندیخانە و هاندانی بەندکراوان بۆ ڕەفتاری چاك و سودوەرگرتن له سیستەمەکانی پەروەردەکردن و ڕاهێنان. پاداشت دوو جۆری هەیە پاداشتی ماددی:- بۆنمونە بریتییە لە زیادکردنی ژمارە و ماوەی سەردانە خێزانییەکان یان زیادکردنی ژمارە و ماوەی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان یان ژمارە و ڕۆژەکانی مۆڵەتی خێزانی ....هتد . بەلاّم پاداشتە مەعنەوییەکان بریتیە لە سپاردنی بەندکراوێك بە ئەرکێك، کە پێویستی بە متمانە بێت بە بەندکراوەکە یان بەخشینی سیستەمی ئازادکردنی مەرجدار یان گواستنەوەی لە قۆناغێك بۆ قۆناغێکی بەرزتر لەسیستەمی پلەدار، سیستەمی پاداشت خۆشگوزەرانی و دڵخۆشی لەناو دڵ و دەروونی بەندکراوەکان بەرپا دەکات لە ڕێگای کەمکردنەوەی ناخۆشییەکانی ژیان لە بەندیخانە، ئەو ژیانەی کە بێزاری تێدایە کە بە یەك شێوە دەڕوات، هەروەها پاداشت ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینێت لە پەروەردەکردنی گشت بەندکراوان لەنێویشیاندا تاوانبارە مەترسیدارەکان، چونکە ئەوان شارەزاترن و بە ئەزمونترن بەتەواوی تێدەگەن کە سزای تەمبێ کردنیان لەسەر جێبەجێ دەکرێت ئەگەر سەرپێچی بکەن، جا ئەگەر ڕازی بن یان نا، بۆیە هەوڵ دەدەن کە سوود لە باشیەکانی پاداشت وەربگرن بۆ کەمکردنەوەی بەربەستەکانیان لەبەندیخانە.

## هەشتەم: پرۆگرامی پەیوەندی بەجیهانی دەرەوە:

ئاڕاستە سزاییە تازەکان جەخت لەسەر پێویستی مانەوەی پەیوەندی دەکەن لە نێوان زیندانەکانی نێو بەندیخانە و جیهانی دەرەکی، چونکە ئامانج لە سزا بریتییە لەدووبارە ڕاهێنان و ئامادەکردنەوەی بەندکراو لە ڕووی کۆمەلاّیەتی بەشێوەیەکی گونجاو، بۆئەوەی بگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگە و پێگەی خۆی بەدەست بهێنێتەوە. لەپاڵ ئەمە بەهێزکردنی پەیوەندی زیندانیکراو و کۆمەڵگە ئامرازێکە بۆ کەمکردنەوەی فشاری دەروونی نێگەتیڤی سەندنەوەی ئازادی، بەمەش دەبێتەهۆی پاراستنی توانا دەروونی و عەقڵی و جەستەییەکانی، هەروەها ئەم پەیوەندییە دەبێتەهۆی پاراستنی پەیوەندی نێوان بەندکراو و ئەو کەسەکانەی کە ئەگەری ئەوەیان لێدەکرێت کاریگەری باشیان لەسەر بەندکراوان هەبێت، پاراستنی ئەم پەیوەندییە ئامرازێکە بۆ سەقامگیری حالەتی دەروونی لەکاتی جێبەجێکردنی سزاکەدا، ئەمە بە مەرجێکی سەرەکی دادەنرێت بۆ وەلاّمدانەوەی کۆششە چاکسازییەکان، بنەمای ئەو بیرۆکەیە ئەوەیە کە زیندانیکراو لە کۆمەڵگەیەکی ئازاد هاتووە و دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگە پاش تەواوکردنی حوکمەکەی.

## شێوەکانی پەیوەندی بەجیهانی دەرەوە:

١- سەردان، ٢- مۆڵەتی خێزانی، ٣- ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، ٤- پەیوەندی تەلەفۆنی

**١- سەردانەکان:** پێویستە کارگێری زیندانیان ڕێگا بە خەڵك بدەن سەردانی زیندانیکراو بکەن بەتایبەتی ئەندامەکانی خێزانەکەی و ئەو کەسانەی کە ئەگەری لێدەکرێت کاریگەری باشیان هەبێت لەسەری، ئەو سەردانانە ملکەچی کۆمەڵێك مەرجە، هەروەها لەژێر چاودێری کارگێری بەندیخانە دەبێت ڕۆژ و کاتی سەردانەکە دیاری دەکرێت، هەروەها ماوە و

کاتەکەشی دیاری بکرێت. دەستەی کارگێری چەند کارمەندێك ڕادەسپێرێ چاودێری سەردانەکان دەکات، نەوەك کێشەیەك دروست بێت، ئەگەر ڕوویدا سەردانەکە کۆتایی پێدەهێنرێت، نابێت ئەوچاودێرییە زیان بەکەرامەتی زیندانیکراو بگەیەنێت، هەروەها نابێت گومان دروست بکات، بۆ هێنانەدی ئامانجی کۆمەڵایەتی و چاکسازی سەردانەکان دەبێت دەستەی کارگێری شوێنێك دابین بکات کە مەرجەکانی بتوانێ کەرامەتی بەندکراوان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان بپارێزێت، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە کارمەندەکانی زیندان ڕاهێنانیان پێبکرێت لەسەر بەڕێوەبردنی ڕێکخستن و چۆنیەتی ڕێزگرتن لە بڕیارلەسەردراو و میوانەکانی لەم ماوەیە، چونکە چاوپێکەوتنی نێوان بڕیار لەسەردراو و میوانەکانی ئامانجی چاکسازی بەدەست ناهێنێ ئەگەر لە بارودۆخێکی مرۆیی لەژێر سەرپەرشتییەکی کۆمەڵایەتی ئەنجام نەدرێت. ڕێسای (٣٧) لە ڕێسای کەمترین دەڵێ (پێویستە ڕێگا بە زیندانیکراوەکان بدرێ چاویان بە خێزان و هاورێ باشەکان بکەوێت لە ڕێگای سەردانیکردن).

**<u>سیستەمی چاکسازی کۆمەلایەتی لە کوردستان ریگا بەسەردانی تایبەت و ئاسایی داوە بۆ ماوەی سێ کاتژمێر، لەم حاڵەتانەی خوارەوە:-</u>**

أ- ئەگەر میوان لە دەرەوەی ئەو پارێزگایە بێت.

ب- ئەگەر میوان بە ئەرکێکی تایبەت ڕاسپێردرابێ.

ت- ئەگەر میوان سەفەر بکات بۆ دەرەوە.

پ- ئەگەر میوان پارێزەر بێت.

ج- ئەگەر سەردانەکە بەمەبەستی غەرامە بەخشین بێت بۆ لەجیاتی زیندانیکراو بێت.

ح- ئەگەر سەردانەکە بەهۆی ڕێنمایی پزیشك بێت.

خ- لەکاتی بۆنەی ئایینی بێت.

د- ڕۆژی ٨ی مارس کە رۆژی جیهانی ئافرەتانە و ڕێگا بە سەردانیکردنی ئافرەتان دەدرێت.

ژ- جگە لەوانەش، ڕێگا دەدرێت سەردانی زیندانی کراو بکرێ ئەگەر سەلێنرا کە زیندانیکراوەکە ڕەفتاری باشە لەلایەن دەستەی کارگێریەوە وەکو پاداشت.

## ٢- مۆڵەتی خێزانی ( مۆڵەتی چوونە ماڵ )

سیستەمی چاکسازی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان لەبەشی چوارەمی مادەی (٤٠) مۆڵەتی خێزانی تێدایە بۆ بەندکراوە هەرزەکارەکان، ئەویش بەمشێوەیە (بەرێوەبەری گشتی چاکسازی بۆی هەیە مۆڵەت بە بەندکراو بدات بۆ سەردانی ماڵ و خێزانی بۆ ماوەی پێنج رۆژ لە هەرسێ مانگ جارێك، جگە لەرۆژانی گەشت)، بەڵام بەپێی چەند مەرجێك کە ئەمانەن:-

**مەرجەکانی مۆڵەتی چوونە ماڵ بۆ بەندکراو**

١- تاوانی سزادراو نابێت دەستدرێژیکردن بێت بۆ سەر ئاسایشی وڵات چ لەدەرەوە یان لە ناوەوە.

٢- نابێت زیندانیکراو تاوانی کوشتن یاخود هەوڵی کوشتن یاخود ڕفاندن ئەنجام دابێ.

٣- دەبێت یەك لەسەر چواری ماوەی سزاکەی بەسەربردبێ، دوای کەمکردنەوەی ماوەی ئازادکردنی مەرجدار کە شایەنیەتی بەمەرجێك لەساڵێك کەمتر نەبێت.

٤- دەبێت زیندانی ناوبانگی باش بێت لەناو چاکسازی بە پاڵپشتی لیژنەی هونەری و کۆکبوونی ئەندامانی لەسەر بێت.

٥- نابێت ئەو مۆڵەتە ژیانی سزادراو بخاتە مەترسییەوە، وەك ئەوەی دوژمندار بێت و بزانرێت ئەگەر بچێتە دەرەوەی بەندیخانە مەترسی لە سەر ژیانی دروست دەبێت و بەپێچەوانەوە.

**یاسای دامەزراوە گشتییەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتی عێراقی ژمارە (١٠٤) جەختی لەسەر هەموو مەرجەکانی کردۆتەوە جگە لەخاڵی دوو(٢) نەبێت.**

مۆڵەتی چوونە ماڵ؛ پەیوەندی زیندانیکراو بە کۆمەڵگا بەهێزدەکات، هەروەها ڕێگای پێدەدات باشتر بگونجێت دوایی ئەوەی لە زیندان دەچێتە دەرەوە، چونکە وای لێدەکات کە ئاشنا بێت و نامۆ نەبێت بە کۆمەڵگا، هەروەها ئامرازێکە بۆ دڵنیایی لە خێزانەکەی، ئەمەش ئارامی دەخاتە دەروونی کە یارمەتیدەرە بۆ ئامادەکردنی بۆ چاکسازی و ڕاهێنانی، هەروەها ئامرازێکە بۆ تێرکردنی ئارەزووە سێکسیەکانی، ئەنجامدانی ئەرکە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیەکانی، هەر ئەمەش یارمەتیدەدات کە پەیوەندی بە خاوەن کار بکات تاوەکو دواتر کارەکەی بۆ بگەڕێتەوە، یان پشکنینی پزیشکی یاخود تاقیکردنەوەیەك ئەنجامبدات، هەروەها لە کۆتایدا ئامرازێکە بۆ زانینی ڕادەی سودمەندنەبوونی لە هەوڵەکانی چاکسازی لە ڕێگای زانینی ڕادەی پابەندنەبونی بە مەرجەکانی ئەم سیستەمە، ئەگەر مۆڵەتی چوونە ماڵ ئامرازێك بێت بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکانە، هەروەها ئامرازێکیترە بۆ دەستەبەرکردنی ئەو **سوودانەی** خوارەوە:-

أ- پاراستنی قەوارەی خێزان.
ب- دروستکردنی پردی گونجان لەنێوان بڕیار لەسەر دراو و کۆمەڵگا.
ت- دروستکردنی کەشێکی پڕ لە متمانە و ڕێزگرتن لەنێوان بڕیار لەسەر دراو و دەستەی کارگێری بەندیخانە.
پ- ڕاهاتنی بریار لەسەردراو لەسەر پابەندبوون بە سیستەم و یاسا و سەقامگیری.
ج- دوورخستنەوەی بریار لەسەردراو لەشۆکی گواستنەوەی لەناکاو لە زەوتکردنی ئازادی بۆ ئازادیەکی ڕەها.
ح- کەمکردنەوەی ئاسەواری دەروونی بەهۆی سەندنەوەی ئازادی ئەمەش دەبێتە هۆی پاراستنی توانا جەستەیی و عەقڵی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی بەندکراوان.
خ- بەرقەرارکردنی ئارامی لەنێو بەندیخانە، لە ڕێگای هاندانی بەندکراو و سوودوەرگرتن لە پرۆگرامی چاکسازی تا سودمەندبێت لە سیستەمی مۆڵەتی چوونەماڵ.

## ٣- ئامرازەکانی ڕاگەیاندن

دەستەی چاکسازی و کۆمەڵایەتی، ڕێگای بە بڕیارلەسەردراو دەدات، ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو بەکاربهێنن، وەکو دانپێدانانێك لە کاریگەری ئەم ئامرازانە کە پەیوەندی نێوان بڕیار لەسەردراو و کۆمەڵگا دەپارێزێ کە دواتر دەچێتەوە ناوی، هەروەها بەهۆی گرنگی لە چاکسازی و ڕاهێنانی بەندکراوان، بەڵام مەرج و چاودێری بەسەر بەکارهێنانی ئەو ئامرازانە دادەنرێت.

ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە ئامرازێك دادەنرێت بۆ بڕیار لەسەردراو بۆ وەرگرتنی زانیاری لەبارەی کۆمەڵگا و جیهانی دەرەوە، ئەمەش وای لێدەکات هەست بەوە بکات کە هێشتا بەشێکە لەو کۆمەڵگایە و لێی دانەبڕاوە، بە ئاسانی ئاوێزان بوون و خێرایی گونجان مسۆگەر دەکات، لەلایەکیتر بە ئامرازێك دادەنرێت بۆ پەروەردە و فێربوونی بڕیارلەسەردراو، ئەمە لەپاڵ ئەوەی ئەو ئامرازانە یارمەتیدەرن بۆ پاراستنی ئاسایش لە نێو بەندیخاندا بەهۆی پڕکردنەوەی کاتی بەتاڵی بڕیار لەسەردراو.

لەسەر دەستەی چاکسازی پێویستە پێداویستیەکانی ئەو ئامرازانە دەستەبەر بکات لە ڕۆژنامە و گۆڤار و تیڤی و سەتەلایت و ئینتەرنێت و ڕادیۆ ... هتد، هەروەها شوێنی گونجاو بۆیان دیاری بکات، لەگەڵ ماوە و کاتەکانی بەکارهێنانیان.

سیستەمی چاکسازی مۆدێرن شێوازەکانی پەیوەندی بڕیارلەسەردراو بەرفراوان دەکات بە جیهانی دەرەوە، وەك ڕێکخستنی یاری لە نێوان تیپەکانی بڕیارلەسەردراوان و تیپەکانی دەرەوە، هەروەها بەشداریکردنی بڕیار لەسەردراوان لە پرۆسەی ڕزگارکردن و یارمەتیدان لەکاتی کارەساتەکان وەك لافاو و بومەلەرزە، کە ئەمە وای لێ دەکات هەست بە یەکانگیری کۆمەڵایەتی بکات و ئەخلاقی کۆمەڵایەتی لەلای دروست بێت.

## ٤- پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان:

بە یەکێك لەو ئامرازانە دادەنرێت کە پەیوەندی نێوان بڕیار لەسەردراو و خێزانەکەی دەپارێزێت، ئەمە لە پاڵ ئەوەی کە زۆر جار تەلەفۆن جێگای سەردان دەگرێتەوە لەو حاڵەتانەی کە خێزانەکانیان لەشوێنی دوورن، ئەو ئامرازانە بە گرنگ دادەنرێت، بۆ لە ناوبردنی حاڵەتەکانی دڵەڕاوکێ و ترس، کە دووچاری بڕیارلەسەردراو دەبێت، بەهۆی ئەنجامی ئامادەنەبوونی ئەندامێك لەکاتی سەردان ئینجا بەهۆی نەخۆشی یاخود بەهۆی هەر هۆیەکیتر بێت، بۆ دڵنیابوون لە نەهاتنی و هۆکاری نەهاتنی؛ هەروەها بەندکراو دەتوانێ بەشداری خێزانەکەی بکات لە چارەسەری گرفتەکانیان، ئەمە بەشداری دەکات لە پارستنی پەیوەندییە خێزانییەکان لەلایەك، ترس و دڵەراوکێ لادەبات، بەمەش دەیخاتە ناو حاڵەتێکی دەروونی کەدەتوانێ سود و کۆششەکانی چاکسازی وەربگرێ لەلایەکی ترەوە، بەڵام بۆ ئەوەی ئەم ئامرازە بتوانێ ئەرکەکانی جێبەجێ بکات؛ دەبێت کارگێری شوێنی دیاریکراو بۆ دەستنیشان بکات، کە لە چەندین کابینە پێکدێت بە شێوەیەك متمانە بە بڕیارلەسەردراو دەبەخشێ لەکاتی قسەکردن، لەپێناو خۆپاراستن لە بەکارهێنانی خراپ؛ دەبێت بکەوێتە ژێر چاودێری ناڕاستەوخۆ، هەروەها پێویستە کاتەکانی پەیوەندی و جارەکان دیاری بکرێت، تەنها لەحاڵەتی تایبەت نەبێ، دەکرێت وەك پاداشتی لێ بێت، کە دەستەی کارگێری هەڵدەستێت بە زیادکردنی ژمارە و ماوەی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان.

لە ڕێگای چاودێریکردنی پەیوەندییە تەلەفۆنیەکان دەستەی کارگیری بەندیخانە دەتوانێ پلان و پرۆژەکانی زیندانەکان بزانێت.

## نۆیەم: بینای بەندیخانە:

بینای بەندیخانە پەرەسەندنێکی زۆری بەخۆیەوە بینی، بەهۆی ئەو پەرەسەندنەی بەسەر ئامانج و مەبەستەکانی سزادا هات، کاتێك، کە مەبەستی سزا تۆڵەسەندنەوە بوو و، ئەرکی بەندیخانە دوورخستنەوەی بەندکراو بوو لە کۆمەڵگادا، لەو کاتەدا بیناکانی بەندیخانە هیچ مەرجێکی تەندروستی و مرۆییان تێدا فەراهەم نەدەکرا، هەندێکیشیان لەژێر زەوی و لە

شوێنی تاریك و شێدار بوون. بایەخ نەدان بە بەندیخانە وای لەدەوڵەت نەدەکرد بینای تایبەت بە بەندیخانە دروست بکات، لەگەڵ نەبوونی شارەزایی و نەزانی لە پشکنین و مامەڵەی چاکسازی جیاواز، بەندیخانەکان گشتیان یەك شێوەبوون کە ئەویش داخراو بوو، بەڵام دوای ئەوەی کە مەبەستە سەرەکییەکانی سزا گۆڕانی بەسەردا هات لە ترساندن و تۆقاندن بووە چاکسازی و ڕاهێنان، ئیتر بەهەمان شێوە بینای بەندیخانە لەڕووی دیزایین و پێکهاتەوە ڕووی لە فەراهەمکردنی مەرجە تەندرووستی و مرۆییەکان کرد، کە توانا جەستەیی و عەقڵی و دەروونیەکانی بەندکراو دەپارێزێ لەگەڵ دابینکردنی شوێنی تایبەت و گونجاو بۆ جێبەجێکردنی پرۆگرامەکانی کاری چاکسازی لەگەڵ فەراهەمکردنی بارودۆخێکی گەشبین و هیوا بەخش بۆ دوا ڕۆژ لەلای بەندکراوان، ئەمەش وای لە دەوڵەت کرد کە بینای تایبەت بە بەندیخانە دروست بکات، لەهەمانکاتدا بیردۆزەکانی پشکنین و مامەڵەی چاکسازی جیاواز دەوڵەتی ناچار کرد کە بینای جۆراوجۆر و تایبەتمەند بە توێژی جیاواز بە تاوانباران دروست بکات وەك بینای بەندیخانەی کراوە یان نیمچە کراوە.

ئەو مەرجانەی کە دەبێت لەبینای بەندیخانەدا فەراهەم بکرێت:- مەرجەکان جۆراوجۆرن هەندێکیان پەیوەستن بە شوێنی بینای بەندیخانەوە، هەندێکیان پەیوەستن بە ناوەڕۆکی، ئەوانیتریش بە قەبارە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا **ئاراستە سزاییە نوێییەکان دەڵێن هەندێك مەرجی گشتی هەیە** دەبێت لەبینایەی بەندیخانەدا فەراهەم بکرێت.

أ- ئامادەکردنی بینای بەندیخانە بەشێوەیەك بتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ چاکسازی و ڕاهینانی بەندکراوان بە شێوەیەکی فراوان.

ب- دەبێت ئاستێکی مرۆیی لە بینای بەندیخانە فەراهەم بکرێت، بەشێوەیەك بەندکراوان دووربخاتەوە لە ڕوخسارەکانی ڕسواکردن و خەمۆکی.

ت- پێویستە بینای بەندیخانە بەرەو پسپۆری بڕوات، بەشێوەیەك هەر بینایەك بۆ توێژێکی دیاریکراو لە بەندکراوان دروست بکرێت کە لەگەڵ تایبەتمەندی و بارودۆخیان بگونجێ، بۆنمونە ئەگەر توێژی بەندکراوان لە تاوانبارە ترسناکەکان و ماوە سزاییە درێژەکان بوون دەبێت بینای بەندیخانە بەشێوەیەکی داخراو دروست بکرێت، بەشێوەیەك ڕێ لە ڕاکردنی بەندکراوان بگرێت.

**یەکەم/ شوێنی بینایەی بەندیخانە :** بینایەی بەندیخانە گرنگییەکی یەکجار زۆری بۆ سیستەمی سزای نوێ هەیە، ئەویش بەهۆی کاریگەری لەسەر پرۆسەی چاکسازی، بۆیە پێویستە بایەخێکی یەکجار زۆر بە هەڵبژاردنی شوێنی بینای بەندیخانە بدرێت، کە ئەویش دەبێت لە **دەرەوەی شار** بێت لەبەر ئەم هۆیانە:-

١- ڕێگا دەدات بە فراوانکردنی ڕووبەری بەندیخانە، هەر کاتێك کە پرۆسەی چاکسازی پێویستی بە فراوانکردن هەبوو.

٢- ڕێگا دەدات بە کارکردنی بەندکراوان لە بارودۆخێکی سروشتی و گونجاو واتا لە دەرەوە.

٣- دەبێتە بەربەستێك لە بەردەم ڕاکردنی بەندکراوان، واتا هەوڵی ڕاکردن ئەستەم دەبێت کاتێك کە بینای بەندیخانە لەدەرەوەی شار بێت لەبەر ئاسانی ئاشکراکردن و دەسگیرکردنی ڕاکەر.

٤- بارودۆخێکی هێمن و ئارام بۆ بەندکراوان فەراهەم دەکات، دووریان دەخاتەوە لە کێشەو گرفتە دەروونییەکان بەهۆی گوێ بیستن لە دەنگە دەنگی شار.

٥- دووریان دەخاتەوە لە یادگارییەکانی شار و شوێنی ئەنجامدانی تاوانیان.

بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا نابێت زێدەڕۆیی لە فەراهەمکردنی ئەم مەرجانە بکرێت واتا هێندە دوور نەبێت لە شارکە ئامرازەکانی گەیاندن و گواستنەوە تیایدا فەراهەم نەکرێت، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی ڕێگرتن لەبەردەم ئەنجامدانی ئەرکەکانی سەرشانی ستافی کارکردن لە بەندیخانە بەشێوەیەکی گونجاو و تەواو، لەلایەکیترەوە دەبێتە بەربەستێك لە بەردەم بەدەستهێنانی ئامانجەکانی پەیوەندی بەندکراو بە کۆمەڵگای ئازادەوە، هەروەها دەبێتە هۆی بێ بەشبوون لەو خزمەتگوزارییە گشتییانەی کە شار پێشکەشی ئەندامانی کۆمەڵگای دەکات.

**دووەم/ پێکهاتەی بینای بەندیخانە:** لەبەر بوونی توێژی جیاواز لە بەندکراوان لەنێو بەندیخانەدا پێویستە بینای جۆراوجۆر فەراهەم بکرێت، بەپێی ژمارەی توێژی بەندکراوان، هەر بینایەکیش لەگەڵ پێویستی چاکسازی و بارودۆخی توێژەکە بگونجێت، بەڵام دەبێت بیناکان پەیوەندییان بەیەکەوە هەبێت تا ئیدارەی بەندیخانە بتوانێت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ سەرپەرشتیان بکات. بۆ ئەوەی پۆلێنکردن پێداویستیەکانی خۆی تەواو بکات، ئەو بینایانە پێویستە شوێن بۆ جێبەجێکردنی پرۆگرامەکانی پەروەردە و ڕاهێنان فەراهەم بکات تا بتوانێت بە ئەرکی چاکسازی و کۆمەلایەتییەکەی خۆی هەڵبستێت و، پەیامە مرۆڤایەتییەکەی خۆی بگەیەنێت، جا، ئەمە پێویست دەکات شوێن دەستنیشان بکرێت بۆ کاری پیشەسازی و کشتوکاڵ و بۆ جێبەجێکردنی ڕێوڕەسمە ئاینییەکان لەگەڵ شوێنی تایبەت بۆ جێبەجێکردنی سزای تەمبێکردن و فێرکردنی گشتی و هونەری و کتێبخانە و هۆڵی وەرزشکردن و یاریگاو هۆڵی سینەما و مۆسیقا، لەگەڵ فەراهەم کردنی شوێنی تایبەت بە پێشوازیکردنی بەندکراوان بۆ لیژنەی پشکنین و پۆلێن کردن، لەگەڵ شوێنی تایبەت بە بنکەیەکی تەندروستی، یەکەی خزمەتگوزاری کۆمەلایەتی، بنکە ئیدارییەکان لەگەڵ شوێنی حەوانەوەی ئەو فەرمانبەر و پاسەوانانەی کاریان وا پێویست دەکات کە بمێننەوە لە بەندیخانە، بەڵام دابینکردنی ئەم شوێنانە بە تەنیا بەرەو گەیشتن بە ئامانجەکانی چاکسازیمان نابات، ئەگەر مەرجی تەندروستی و هونەری تێدا فەراهەم نەکرێت، ئەو مەرجانە کە توانای جەستەیی و عەقلی و دەروونی بەندکراو دەپارێزێ و بارودۆخێکی تەندروست بۆ پسپۆران دروست دەکات بۆ ئەنجامدانی کارەکان بەشێوەیەکی باش، بۆ پاراستنی خەسڵەتە هونەری و تەندروستیەکانی بینای بەندیخانە دەبێت بەشێوەیەکی خولی نۆژەن بکرێتەوە.

**سێیەم/ قەبارەی بینای بەندیخانە:** دەبێت بەندیخانە قەبارەکەی بەشێوەك بێت کە ڕێگای لەخۆگرتنی بەندکراوان و جێبەجێکردنی پرۆگرامەکانی چاکسازی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تیادابێت، هەر دەزگایەك بڕیاردەرێکی تەندروستی هەیە کە دەستنیشانی ژمارەی ئەو بەندکراوانەی کە دەتوانێ لەخۆیان بگرێ و خزمەتگوزاریان پێشکەش بکات، لەگەڵ جێبەجێکردنی پرۆگرامەکان بەسەریاندا، بۆیە نابێت بەهیچ شێوەیەك ئیدارەی بەندیخانە لەو ڕێسا تەندروستییەی کە بڕیاری لەسەر دراوە دەربچێت و دەزگاش لەسەروی توانای بەندیخانە بەندکراوان وەربگرێت، لەبەرئەوەی ئەو بەندیخانەی کە شوێنی بەندکراوان تەسك دەکات و قەرەباڵغی دروست دەکات، دەبێتە هۆی لەدەستدانی خەسڵەتە تەندروستییەکان و ئەرکە چاکسازی و کۆمەڵایەتییەکان و کەمکردنەوەی توانای لە چارەسەرکردن.

## دەیەم: سیستەمی بەڕێوەبردنی فەرمانگەی چاکسازی:

لەسەردەمێکی وەکو ئەمڕۆ ئەرکی بەڕێوەبردنی فەرمانگە چاکسازییەکان بریتیی نییە لە زەوتکردنی ئازادی تاوانباران و ڕێگەگرتن لەڕاکردنیان، بەڵکو ئەرکە نوێکەی بریتییە لە بەکارهێنانی ماوەی زەوتکردنی ئازادی بۆ پەروەردەکردن و چاکسازیکردن و ڕاهێنانی بەندکراوان لە ڕێگای جێبەجێکردنی پرۆگرامەکانی چاکسازی بەسەریدا، ئەویش پشت بەستن بە ستافێکی خاوەن ئەزموون و پسپۆڕ لە بواری بەڕێوەبردنی فەرمانگەی چاکسازی.

١- **دروستکردنی ئیدارەی سزایی ناوەند:** بوونی سیستەمێکی سزایی تەندروست، تەنیا پەیوەست نییە بە بوونی فەرمانگەی چاکسازی و بوونی ستافێکی تایبەت بە فەرمانگەکە، بەڵکو پەیوەستە بەبوونی ئیدارەیەکی ناوەند کە کۆنترۆڵی فەرمانگە چاکسازییەکان بکات و چاودێریەکی تەواویان لەسەر دادەنیٚ و هەماهەنگی لە نێوانیاندا دروست دەکات، گرنگی بوونی ئیدارەیەکی ناوەند خۆی لەم خاڵانە دەبینێتەوە:- (١) نەخشە بۆ سیاسەتی سزایی گشتی دادەنێت بە پشت بەستن بە تیۆرە زانستییە نوێیەکان، لەگەڵ ڕەچاوکردنی بارودۆخی کۆمەڵگا. (٢) چاودێری کارەکان دەکات لە فەرمانگە چاکسازییەکان و هەماهەنگی لە نێوانیاندا دروست دەکات بۆ دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی سیاسەتەکەی. (٣) دەستنیشانی پسپۆڕی هەر فەرمانگەیەك دەکات. (٤) هەڵدەستێت بە مەشق پێکردنی فەرمانبەرانی فەرمانگە چاکسازییەکان. (٥) لە کۆتایدا یەکێك لە ئەرکەکانی ئەنجامدانی توێژینەوە سزاییەکان بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو سیاسەتە سزاییە جێبەجیٚ کراوە لە فەرمانگە چاکسازییەکان، لەگەڵ پەرەپێدانی بەشێوەیەك لەگەڵ ئامانجی سزا بگونجیٚ.

٢- **دروستکردنی ئیدارەی فەرمانگەی چاکسازی:** کارکردن لە فەرمانگە چاکسازییەکان پەیوەستە بە بوونی ستافێکی بەڕێوەبردنی تایبەت کە لە بەڕێوەبەر و دوو یاریدەدەری؛ یەك لە بواری هونەری و ئەویتریش لەبواری کارگێری لەگەڵ ژمارەیەك (پاسەوان و دەستەی کارگێڕی بوونی ستافێکی دیاریکراو لەبواری هونەریدا).

٣- **ڕێساکانی تایبەت بە بەڕێوەبردنی فەرمانگەی چاکسازی ئافرەتان:** لێرەدا پێویست دەکات بەشی چاکسازی ئافرەتان دوور بخرێتەوە لەو هۆکارانەی کە دەبنەهۆی بڵاوبونەوەی بەدڕەوشتی، کە ئەگەری زۆری هەیە تیایدا ڕووبدات بەهۆی لاوازی لە پێکهاتەی ئاکاری بەندکراوان لەلایەکەوە، نەبوونی توانای جەستەیی لە ڕووبەڕوبونەوەی هەر هەڕەشەیەك لەلایەکی دیکەوە، بۆیە پێویستە ئەم بەشانە لەلایەن ستافی ئافرەتەوە لە بواری کارگێری و هونەریدا بەڕێوە بچێت، بەڵام ئەمەش بەمانای ئەوە نییە کە ناتوانرێت بەهیچ شێوەیەك پشت بە ستافی پیاو ببەستین بۆ کارکردن لەم بەشانەدا، لە کاتی پێویست دەبێت پشت بە ڕەگەزی نێرینە ببەستن لەستافی هونەریدا شان بەشانی ئافرەت بیٚ، واتا بەیەکەوە کار بکەن.

٤- **تفتیش ( پشکنینی بەندیخانەکان ):** پێویستە مامەڵەی چاکسازی بخرێتە ژێرچاودێرییەکی کارا بۆ دوورخستنەوەی لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات لەلایەن ستافی بەڕێوەبردنیەوە لەسەر بەندکراوەکان، بەتایبەتی ئەگەر بزانین کە بەندکراوەکان ناتوانن سکاڵا و گازاندەکانیان بگەیینە ڕای گشتی، ئەو چاودێرییەش ئیدارەی فەرمانبەرانی بەڕێوەبردنی سزایی ناوەند پێی هەڵدەستێن، دوو جۆری هەیە یەکەمیان چاودێری گشتی بەڕێوەبردنی فەرمانگەی چاکسازی دەکات، جۆری دووەم چاودێری تایبەت فارمانگەی چاکسازی لەبواری هونەریدا دەکات.

جۆری یەکەم پشکنینی کارە گشتییەکان ئەنجام دەدەن، جۆری دووەمیش پشکنینی کارە هونەرییەکان ئەنجام دەدەن یان پێی هەڵدەستن، ئەو چاودێرییانە ڕێگای ئاشنابوون دەدات بە کەموکورتییەکانی بەڕێوەبردنی فەرمانگەی چاکسازی لەهەموو بوارەکان.

ڕێسای (٥٥) لایەنی کەمی مامەڵەکردن لەگەڵ بەندکراوان ئەرکی پشکنینی کارەکانی دەستنیشانکردوە و **دەڵێت بۆ دڵنیابون لە بەڕێوەبردنی فەرمانگە چاکسازییەکان بەپێی ڕێسا و ڕێنماییەکان و جێبەجێکردنی ئامانجەکانی چاکسازی.**

٥- **ڕێساکانی هەڵبژاردنی فەرمانبەران یان کرێکاران بۆ بەڕێوەبردنی فەرمانگەی چاکسازی:** لە سەردەمێکی وەکو ئەمڕۆ، ڕێگا نادرێت بەهەر کەسێك کە لە فەرمانگەی چاکسازی کار بکات، تەنیا ئەو کەسانەی کە زانست و ئەزموون و شارەزاییان تێدا فەراهەم کراوە، بەمەش پێویستە لەلایەکەوە چەند مەرجێك لەسەر فەرمانبەرانی فەرمانگە چاکسازییەکان دابنرێت، کە چەندین پابەندیان لەسەر دەسەپێنرێت، لەلایەکیترەوە ئامادەدەکرێن بۆ کارکردن بەشێوەیەکی شیاو و تەندروست لە فەرمانگەکانی چاکسازی و، ئەو ڕێسا گشتیانەی کە تەحەکوم بە بارودۆخی فەرمانبەران دەکات لە بەڕێوەبردنی فەرمانگەی چاکسازی، ئەو ڕێسایانە گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە مەرجێکە بۆ ئەوەی فەرمانبەرانی فەرمانگەی چاکسازی ئەرکەکانی خۆیان بەشێوەیەکی تەندروست ئەنجام بدەن، هەروەها ڕادەی شیاوی فەرمانبەران لەم جۆرە فەرمانگەیە ئاشکرادەکات.

**ئەم ڕێسایانەش بریتین لە :**

أ- پسپۆری لە کارکردن.

ب- خۆ تەرخانکردن.

ت- خەسڵەتی مەدەنی یان شارستانی.

پ- فەرمانبەری دەوڵەت.

- ## پابەندییە سەپێنراوەکانی سەر فەرمانبەران لە فەرمانگەکانی چاکسازی

١. **ڕەفتاری فەرمانبەر لە فەرمانگەی چاکسازی:** ئەرکی فەرمانبەر لە فەرمانگەی چاکسازی ڕەفتارێکی دیاریکراو لەسەر فەرمانبەران دەچەسپێنێ، سەرچاوەی ئەو پابەندیەش دەگەڕێتەوە بۆ خەسڵەتەکانی (پەروەردەیی)، فەرمانبەر ناتوانێ بە ڕۆڵە پەروەردەیەکەی خۆی هەڵبستێ ئەگەر هاتوو ڕەفتاری یەك نەبێت لەگەڵ ئەوەی کە داوا لە بەندکراوان دەکات کە تیایاندا فەراهەم بکرێت، لەلایەکیترەوە ئەو پابەندییە بە سەرچاوەیەکی ناراستەوخۆ دادەنرێت لە پەروەردەکردنی بەندکراواندا، چونکە بەندکراوان بەردەوام چاودێری لەسەر هەڵسوکەوتی فەرمانبەران دادەنێت وەکو پێشەنگ سەیریان دەکەن.

پێویستە ڕەفتاری فەرمانبەران بەرزبێت و هەڵسوکەوتیشی تەندروست بێت و ئاکاریشی قبولکراو بێت. گرنگترین ئەو پابەندیانەی کە پێویستە فەرمانبەران لە فەرمانگەی چاکسازی جێبەجێیان بکات، ڕێزگرتن لە یاساو بەها ئاکارییەکان و دوورکەوتنەوە لە هەر ڕەفتارێك کەببێتە هۆی گاڵتەپێکردن یان سوکایەتی پێکردنی بەندکراوان.

٢. **پێویستە فەرمانبەرانی فەرمانگەی چاکسازی دووربکەونەوە لە هەر شتێك کە ببێتە هۆی زیادکردنی ئازاری بەندکردن کە یاسا دەستنیشانیکردوە**، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە دووربکەونەوە لە ڕەفتارەکانی توندوتیژی بەرامبەر بەندکراوان، لەگەڵ دوورکەوتنەوە لە جنێودان و بەکارهێنانی قسەی ناشیرین، هەروەها پێویستە فەرمانبەرانی فەرمانگەی چاکسازی دووربکەونەوە لەو ڕەفتارانەی کە دەبێتەهۆی بەکارهێنانی دەسەڵاتیان دژ بە بەندکراوان، یان بڕیار لەسەردراوان، پێویستە بەندکراوانیش بەکارنەهێنن بۆ ئەنجامدانی خزمەتی تایبەتییەوە، پێویستە دووربکەونەوە لەو ڕەفتارانەی کە دەبێتەهۆی جیاوازیکردن لە مامەڵەکردن لە نێوان بەندکراوان، لەکۆتاییشدا پێویست دەکات فەرمانبەرانی فەرمانگەی چاکسازی دوربکەونەوە لە دروستکردنی پەیوەندی تایبەتی چ لەگەڵ بەندکراو چ لەگەڵ ئەندامانی خێزان.

## تەوەرەی دووەم: پێداویستییە دەرەکییەکانی کاری چاکسازی

### یەکەم: سیستەمی ئازادکردنی مەرجدار:

ئازادکردنی مەرجدار: مەبەست لە ئازادکردنی بەمەرج هەڵپەساردنی جێبەجێکردنی سزای تاوانەکەیە پێش بەسەربردنی تەواوی ماوەی سزاکەی، لەو کاتەی کە هەندێ مەرج لە سزادراو هەبێت و، سزادراو پابەند بێت بەو ڕێوشوێنانەی کە لەسەری دەسەپێندرێت، ڕێزیان لێ بگرێت؛ لەم ماوەیەی کە سزاکەی دەمێنێت یان شێوازی مامەڵەی سزاییە کە بەو هۆیەوە سزادراو ئازاد دەکرێت پێش تەواوبوونی ماوەی سزاکەی، بەجۆرێك کە بچێتە ژێرباری ئەم ڕێوشوێنانەی کە بەسەری دەسەپێنرێت کە لەوانەیە لادان لێی بیگەڕێنێتەوە بۆ دەزگا سزاییەکان.

**پێناسەی ئازادکردنی مەرجدار:** بریتییە لە تەنها گۆڕانکاری لە چۆنیەتی جێبەجێکردنی سزا لە جیاتی ئەوەی کە لە ناوەندێکی داخراو جێبەجێ بکرێت لە ناوەندێکی ئازاد جێبەجێ دەکرێت.

**گرنگی ئازادکردنی مەرجدار:**

١. **گرنگی ئازادکردنی مەرجدار بۆ سزادراو:** ئازادکردنی مەرجدار بە سیستەمێکی چالاك دادەنرێت لە چاکسازی و شیاندنەوەی تاوانباران، کە دەتوانین لەچەند خاڵێکدا کۆیان بکەینەوە ئەوانیش:

أ- دەسەڵاتی پسپۆڕ دەتوانێت ئازادکردنی بەمەرج بەکاربهێنێت بۆ چاکسازیکردن و چاندنی بەها و خوڕەوشتی چاك لە دەروونی سزادراواندا، تاوەکو بگەڕێتەوە نێو کۆمەڵگا، وەکو ڕەگەزێکی چالاك و ڕۆڵەیەکی بەسود.

ب- ئازادکردنی بەمەرج، سزادراو دەگوازێتەوە (لەژیانێکی نێو بەندیخانە کە ئازادی لێ سەندراوەتەوە) بۆ (ژیانێك لەنێو کۆمەڵگا کە ئازادییەکی سنورداری پێ بەخشراوەتەوە و چاوەڕوانی وەرگرتنی ئازادی تەواوەتییە)، بۆیە لەم ماوەیەدا هاوکاری خۆیی و خێزانەکەی دەکات لەڕێگای کارکردن لەنێو کۆمەڵگا، بەم جۆرە؛ ئازادکردنی بەمەرج، وەکو هۆکارێك یاخود ئامرازێکی سووککردنی سزای بەندکردنە و پاداشتێکیشە بۆ ئەم ڕەفتارە باشەی کە سزادراو لە بەندیخانە پیادەی دەکات.

ت- ئازادکردنی بەمەرج پاڵ بە سزادراو دەنێت کە پشت بەخۆی ببەستێت لەنێو کۆمەڵگادا و ژیانێکی سەربەرزانە بژیت و دووربکەوێتەوە لە هەر ڕەفتارێك کە پێچەوانەی یاسا بێت.

ث- سیستەمی ئازادکردنی بەمەرج گرنگییەکیتری بۆ سزادراو ئەوەیە، کە دوای ئازادکردنی سزادراو و گەڕانەوەی بۆ نێو کۆمەڵگا سەرپەرشتیارێکی بۆ دەستنیشان دەکرێت بۆ دۆزینەوەی کار و یارمەتیدانی لە ئاراستەکردن و ڕێنمایی کردن و دوورخستنەوەی لەو کێشە و ئاستەنگانەی کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

ج- ئازادکردنی بەمەرج پاڵ بەبەندکراو دەنێت، کە متمانە بەخۆی بکات و هەست بە بەهای خۆی بکات لە کۆمەڵگا، لەسەر ژیانێکی شەریف ڕابێت.

٢. **گرنگی ئازادکردنی بەمەرج بۆ بەڕێوەبەرایەتی بەندیخانە**: جێبەجێکردنی سیستەمی ئازادکردنی بەمەرج ئەرکێکی قورسی سەرشانی بەڕێوەبەرایەتی بەندیخانەیە، کە پێویستە لەسەریان هەموو تواناکانییان بخەنە گەڕ بۆ پۆلێنکردنی سزادراوان و چاودێریکردنیان و ڕێکخستنی ڕاپۆرتی وەرزی و کۆتایی تایبەت بە سزادراوان و ئاراستەکردنیان بەرەو ڕەفتاری چاك، بەڵام لەلایەکیترەوە **چەندین سودی بۆ بەڕێوەبەرایەتی بەندیخانە هەیە**، کە بریتیین لەم خاڵانە:

١- ئازادکردنی بەمەرج پاڵ بەسزادراوان دەنێت کە پابەندبن بەو ڕێسا و ڕێنماییانەی کە لە فەرمانگەی چاکسازی هەیە، پابەندبوون بەو ڕێنماییانە ڕێگا خۆشدەکات کە ئازادکرادنی بەمەرج وەربگرێت، ئەمەش ڕۆڵی هەیە لە پاراستنی سیستەم لە بەندیخانە.

٢- ئازادکردنی بەمەرج یارمەتیدەرە بۆ کەمکردنەوەی ئەم قەڵەباڵغییەی کە لە بەندیخانەکاندا هەیە.

٣- ئازادکردنی بەمەرج یارمەتیدەرە بۆ کەمکردنەوەی تێچوونی ئەو پارەیەی کە بۆ ژیانی سزادراو لە چاکسازی خەرج دەکرێت.

٤- ڕێگە خۆشکەرە بۆ ئەوەی ستافە هونەرییەکان لە بارودۆخێکی هێمن و ئارام کارەکانیان ئەنجام بدەن.

٥- جێبەجێکردنی سیستەمی ئازادکردنی بەمەرج پاڵ بە لایەنی دەستەی هونەری و کارگێری بەندیخانە دەنێت، کە گرنگی تەواو بدەن بە ئەنجامدانی پرۆسەی پشکنین و پۆلێنکردنی بەندکراوان و بەرزکردنەوەی ڕاپۆرت لەسەریان.

٦- بەشداری دەکات لە کەمکردنەوەی ئەگەری گەڕانەوە بۆ تاوان.

## مەرجەکانی سیستەمی ئازادکردنی بەمەرج

ئەگەر ئازادکردنی بەمەرج سیستەمێکی یاسایی و جیاکەرەوە بێت، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئازادکردنی بەمەرج نادرێت بە هەموو سزادراوێك، تەنها بەو سزادراوانە نەبێت کە هەندێ مەرجی دیاریکراو هەیە دەبێت تیایدا بەدی بکرێت، لێرەدا بۆ زیاتر گەیشتن بە مەبەستەکەمان لە ناسینی مەرجەکانی ئازادکردنی بە مەرج ئەم خاڵانە دەخەینەڕوو کە خۆی لە گرنگترین ئەم مەرجانە دەبینێتەوە کە پێویستە لە سزادراو هەبێت تاکو ئەم سیستەمە بیانگرێتەوە و، سودمەندبن تیایدا، مەرجەکانیش ئەمانەن:

**١) مەرجی پەیوەست بەو ماوەی کە سزادراو لەبەندیخانە بەسەری بردووە، لەمانەی خوارەوە پێك دێت:**

أ- پێویستە سزادراو سێ بەشی ماوەی سزاکەی لە بەندیخانە بەسەربردبێت.

ب- ئەو ماوەیەی بەندکراو لە بەندیخانە بەسەری دەبات لە (٩)مانگ کەمتر نەبێت.

ت- ئەگەر هاتوو سزاکانی یەك لەدوای یەك بن ئەوا ماوەکەی لەسەر بنەمای کۆی سزاکان ئەژمار دەکرێت.

**٢) مەرجی پەیوەست بە سزادراو لەمانەی خوارەوە پێك دێت:**

أ- سزادراو دەبێت ڕەفتاری باش بێت: ئازادکردنی مەرجدار هەر لەسەرەتاوە وەکو جۆرێك لە پاداشت پێشکەشی بە سزادراوان کراوە بەهۆی باشی ڕەوشت و ڕەفتاری لە دامەزراوە سزاییەکان، بەلام دواتر گۆڕا بۆ سیستەمی شیاندنەوەی سزادراو، لەگەڵ ئەوەشدا باشی ڕفتاری سزادراو وەکو مەرجێك لە مەرجەکانی ئازادکردن مایەوە، ئەم مەرجەش گرنگی تایبەتی خۆی هەیە بۆ دووبارە شیاندنەوەی لە نێو کۆمەڵگا و گونجاندنی لەگەڵیدا، ئەویش بەشێوەی پێشکەشکردنی ڕاپۆرتەکان لەسەر بەندکراو لەلایەن لیژنەی هونەری بۆ بەڕێوەبردنی فەرمانگە.

ب- جەختکردنەوە لە دووبارە پابەندبوونی سزادراو بە پرۆگرام و مامەڵە سزاییەکان و سود وەرگرتن لێیان کە لەدامەزراوە سزاییەکاندا هەیە و هاوکاری سزادراو دەکات بۆ دووبارە گونجاندنەوەی لەگەڵ کۆمەڵگا.

ت- ئازادکردنی بە مەرجی سزادراو نەبێتەهۆی مەترسی لە ئاسایشی گشتی وولات، بە بۆچوونی هەندێك لەیاسادانەران ئازادکردنی بەمەرج هەندێك جار دەبێتەهۆی دروستکردنی مەترسی لەسەر ئاسایشی وولات لە چەندین حاڵەتدا لەوانە (ترس لە دەستدرێژیکردنی کەسێك بۆ سەر سزادراو کە کێشەی لەگەڵی هەبووە یان دەستدرێژیکردنی سزادراو بۆ سەر شایەتدەر، یاخود سزادراوی ئازادکراو ڕێککەوتبێت لەگەڵ هاوڕێکانی ڕاستەوخۆ چالاکی تاوانکاری ئەنجام بدەن، یاخود ترسی کاریگەری ئازادکردنی ئەم سزادراوە بۆ سەر ڕای گشتی).

پ- دەبێت سزادراو پابەندبوونە داراییەکانی کە پێی سزادراوە جێبەجێ بکات، کە لە دادگا تاوانییەکان بۆی دانراوە، ئەم پابەندیانەش بریتییە لە قەرەبوکردنەوەی قوربانی تاوان و پێبژاردنی دارایی، ئەم مەرجەش تەنها بۆ ئەوە دادەنرێت تاکو سزادراو هەست بە پەشیمانی بکات لە ئەنجامدانی تاوان و شوێنەواری تاوانەکەی بسڕێتەوە و مافی تاوان بەرامبەرکراو بداتەوە.

ج- وەرگرتنی ڕەزامەندی بڕیار لەسەردراو بۆ دانانی لە سیستەمی ئازادکردنی مەرجدار، چونکە ڕازی نەبوونی بەندکراو بە مانای بوونی کێشە و گرفت دێتە بەردەمی، چونکە ئەگەری تاوان بەرامبەری دروستدەکات، یان بە پێچەوانەوە بەندکراو بەرامبەر بە کەسانیتر تاوان بکات.

## ئەو سزادراوانەی کە ئازادکردنی مەرجدار نایانگرێتەوە ئەمانەن:

أ- تاوانباری دووبارە گەڕاوە بۆ تاوان.

ب- سزادراو سزا درا بێت بە تاوانی دژ بە ئاسایشی وولات، یان تەزویرکردنی دراو یان بەڵگە داراییەکانی حکومەت.

ت- سزادراو سزا درابێت بە تاوانی نێربازی یاخود دەستدرێژی کردنە سەر ناموسی ئافرەت بەبێ ڕازیبوونی یاخود دەستدرێژی کردنە سەر کەسێك تەمەنی لە (١٨) ساڵ تێپەری نەکردبێت، یاخود تاوانی جووتبوونی ناشەرعی یاخود دەستدرێژیکردنی سێکسی لەگەڵ کەسانی ناو خێزانی خۆی یان بڵاوەپێکردنی بەدڕەوشتی لەنێو کۆمەڵگا.

پ- سزادرابێت بە کارپێکردنی قورس یاخود بەندکراو بەهۆی تاوانی دزیی و بردنی سامانی وڵات بەندکرابێت، هەروەها ئەگەر پێشوتریش حوکم کرابێت بەم تاوانانە.

تێبیی:- دەتوانرێ بۆ جاری دووەم بەندکراو ئازاد بکرێت دوای هەڵوەشاندنەوەی ئازادکردنی یەکەم ئەگەر بێت و مەرجەکانی پەیوەست بەم سیستەمەی تیادا فەراهەم بکرێت لەو ماوەی کە ماوە لە سزاکە.

**٣) مەرجی پەیوەست بەلایەنی پەیوەندیدار بە پێدانی ئازادکردنی بەمەرج:**

زۆر لە بیروڕاکان پێیانوایە کە کاروباری ئازادکردنی بەمەرج بدرێت بە بەڕێوەبەرایەتی فەرمانگە سزاییەکان لەسەر بنەمای ئەوەی کە ئەم سیستەمە تەنیا هەموارکردنێکە، یاخود شیوازێکە بۆ گۆڕینی مامەڵەی سزایی کە فەرمانگە سزاییەکان هەڵیانگرتوە، ئەم فەرمانگەیە بەهۆی نزیکی پێگەکەی لە سزادراوان زیاتر شارەزاترە یاخود بە تواناترە لە ڕاوەستان و تێگەیشتنی کاروباری سزادراوان لە پێشکەوتنی کەسایەتی سزادراو و ڕادەی شیاوی بۆ وەرگرتنی ئەم سیستەمە، هەروەها تێگەیشتنی تەواوی هەیە لەوەی تاچەند سزادراو دەتوانێ لە تایبەتمەندییەکانی ئەم سیستەمە سوود وەربگرێت.

چاودێری کردن، واتە سەرپەرشتی ڕفتاری سزادراوی ئازادکراو لە کارکردن و بەسەربردنی کاتەکانی بەتاڵی و لێکۆڵینەوە لەو کارانەی کە دەیکات تا چەند پابەندە بەو ڕێنماییانەی کە لەسەری سەپێندراوە، بەڵام یارمەتی و هاوکاریکردن بریتییە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و ئاسانکاری ماددی بۆ سزادراوی ئازادکراو بۆ دۆزینەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی، یاخود کارێك یان ڕێنماییکردنی بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی. سیستەمی ئازادکردنی بەمەرج؛ هەندێ مەرج دەخاتەسەر سزادراوی ئازادکراوی بەمەرج، تاکو پابەندبێت پێیان و ماوەی ئازادکردنە بەمەرجەکەی کۆتایی بێت و، بەبێ گرفت تەواو بێت، ئەم پابەندیانەش بریتیین لە ڕەفتاری چاك و نیشتەجێبوون لە شوێنێکی دیاریکراو و، نەگۆڕینی شوێنی نیشتەجێبوون بەبێ پرسی لایەنی چاودێریکار، گەڕان بەدوای کار و ئەنجامدانی چارەسەری پزیشکی، نەچوون بۆ هەندێك شوێنی خراپ و پەیوەندی نەکردن بە ناوەندە تاوانکارییەکان، یاخود هەرشتێ کە پەیوەندی بەتاوانەوە هەبێت و، خۆنیشاندانی سزادراوی ئازادکراو، بەلایەنی چاودێریکار؛ هەفتەی جارێك یان مانگی جارێك ڕاپۆرتێك پێشکەش بکات لەسەر بارودۆخی خۆی بەلایەنی پەیوەندیدار بەئازادکردنی بەمەرج، ئەو لیژنەیە دەتوانێت هەر پابەندبونێکیتر بسەپێنێ بەسەر سزادراوی ئازادکراو، جگە لەم پابەندبوونانەی پێشوتر هەر کاتێ پێویست بکات دەتوانێ ئەم ڕێنمایی و پابەندبوونانە بگۆڕێت لەماوەی ئازادکردنەکەدا.

بۆیە لادان لەم مەرج و ڕێنماییانەی کە باسکراوە لەلایەن سزادراوی ئازادکراو؛ کاتێ ئازادکراو پێشلکارییەك یاخود ڕەفتارێکی تاوانکاری ئەنجامدا ئەوا ئازادکردنەکەی هەڵدەوەشێتەوە و دووبارە دەگەڕێندرێتەوە بۆ بەندیخانە بۆ بەسەربردنی ئەو ماوەییەی کە سزاکەی ماویەتی، وەکو؛ هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری پێدانی ئازادکردنی بەمەرج به بڕیاری بەڕێوبەری گشتی

بەندیخانەکان دەبێت، لەژێر ڕۆشنایی بڕیاری دادگایە کە داوا دەکات ئەم بڕیارە هەڵبوەشێتەوە، هەروەها دەبێت شانبەشانی بڕیارەکە هۆکارەکانی هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکەش ڕوون بکاتەوە.

### دووەم: پرۆگرامی چاودێری دوایینە:

مەبەست لێی چاودێریکردنی ئازاد کراوە دوای بەجێهێشتی فەرمانگەی چاکسازی و درێژکردنی دەستی یارمەتی بۆی، تا بتوانێ بگونجێتەوە لەگەڵ کۆمەڵگا و دوور بکەوێتەوە لە سەرپێچیکردنی یاسا.

ئەوەی لە پێشودا جەختمان لەسەر کردۆتەوە، پرۆسەی چاکسازی کۆتای نایەت بەکۆتایی سزا، واتە بە ئازادکردنی بەندکراو بەردەوام دەبێت؛ تا ئازادکراو پێگەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و پیشەیی جێگیر وەردەگرێت، لەبەرئەوەی ئەو کاتەی کە بەندکراو ئازاد دەکرێت ڕووبەڕووی کۆمەڵێك کێشە و گرفت دەبێتەوە، وەك ئەستەمی گونجان لەگەڵ ژیان دوای ماوەی بەندکردن و ڕاهاتن لەسەر بێ بەشبوون لەو ئازادی و گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتییانەی کە ڕووبەڕووی ئازادکراو دەبێتەوە و، پەسندنەکردنی تاکەکانی کۆمەڵگایە بۆیان و ئارەزوونەکردنیان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیان بەهۆی لەکەی تاوانیان.

هیچ کەسێك ئامادەیی تیادا نیە، کە خاوەن ڕابردووە تاوانییەکان لەلای خۆیان کار پێ بکات، ئەمە جگە لەوەی کە دەرگای کاری فەرمیشیان بەڕوودا دادەخرێت بەهۆی ئەو مەرجانەی کە پەیوەستە بەم کارەوە، بەم شێوەیەش ئازادکراو خۆی بەرامبەر کۆمەڵێك گرفت دەبینێتەوە پێی دەگوترێت قەیرانی ئازادکردن، ئەمەش دووبارە پاڵی پێوەدەنێت بۆ دووبارە گەڕانەوەی بۆ تاوان لەژێر فشاری دابینکردنی پێداویستی ژیان، ئەمەش ئەو کاتە ڕوودەدات کە بێبەش دەبێت لە ژیانێکی شەرەفمەندانە و ناوەندێکی کۆمەڵایەتی قبوڵکراو، بۆیە ئەمەش پاڵی پێوەدەنێت بۆ چوونە نێو نێوەندێکی کۆمەڵایەتی قبوڵنەکراوی لادەرانە کە بەدیلێکی ئاسانە بۆی. سودی چییە ئەگەر بەندکراو ئامادەکراو بێت بۆ کارکردن و خۆگونجاندن لەو کاتەی کە خۆی لە ناو واقعێکدا دەبینێتەوە کە هەڵێکی وای تیا نییە بۆ ژیانێکی کۆمەڵایەتی ئاسایی، بەهۆی ئەو لەکەیەی کە بەدوایەتی، هەروەها تێنەگەیشتنی کۆمەڵگا لە بارودۆخەکەی، بۆیە لەسەر دەوڵەت پێویستە هەموو هۆکارێکی گەڕانەوە بۆ ژیانێکی سروشتی فەراهەم بکات لە ڕێگای دابینکردنی چاودێری بە هەموو شێوازەکانی، ئینجا چ ماددی بێت وەك دابینکردنی دارایی یان فەراهەم کردنی دەرفەتی کار و پێشکەشکردنی جلوبەرگ یان فەراهەمکردنی شوێنی حەوانەوە یان چارەسەری پزیشکی کە پێویستیان پێی هەیە و ناتوانن فەراهەمی بکەن، یاخود یارمەتی مەعنەوی وەکو ئامۆژگاری و ڕێنمایی و ئاراستەکردنی و یارمەتیدانیان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ژیان دوای ئازادکردنی یان چۆنیەتی زاڵبوونی بەسەر ئەو گرفتانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، هەموو ئەوانە دەبێتەهۆی کەمکردنەوەی مەترسی گەڕانەوە بۆ تاوان، بۆیە لەسەر دەوڵەت پێویستە بەڕێوبەرایەتییەك یان بەشێك لەناو چاکسازی بکاتەوە تایبەت بە پێشکەشکردنی چاودێری بۆ بەندکراوان دوایی ئازادکردنیان، هەروەها ئەرکی دەوڵەتە، کە ڕای گشتی لە گرنگی هاوکاریکردنی ئازادکراوەکانی ئاگادار بکاتەوە و زێدەڕەوی نەکرێت لە پەراوێزخستن و قێزەونکردنیان، لەبەرئەوەی ئەمە خزمەتی کۆمەڵگا ناکات و یەکێك لە هۆکارەکانی گەڕانەوە بۆ تاوان قەڵاچۆ دەکات؛ بەهۆی ئەو ڕۆڵە گرنگەی کە لە چاودێری دواییینە دەکرێت لەسەر دەوڵەت پێویستە ئەنجامدانی ئەم کارە بخاتە ئەستۆی توێژەرە کۆمەڵایەتییە کارامە و لێهاتووەکان.

# سەرچاوەکان:

## یەکەم: سەرچاوە سەرەکییەکان


أ- سەرچاوەی کوردی:

١- کەوسەر احمد خالند وهیمداد مجید علی ، زانستی سزا، ٢٠٠٥ .

٢- سابیر بەکر بوکانی ، تاوانبار و سزا .

٣- هیوا یاسین محمد رەوشی بەندکراوان لە دامەزراوەکانی چاکسازی و کۆمەلآیەتیدا نامەی ماستەر زانکۆی سلێمانی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان ، ٢٠١٠ .

٤- مەحەمەد مەعروف عەبدوڵلا، زانستی سزا، وەرگێرانی: کاوانی ئەنوەر مەسیفی، ٢٠١٢.

ب- سەرچاوەی عەرەبی:

١- د. محمد نجيب حسني ، دروس في علم الاجرام وعلم العقاب،مطبعة جامعة ،القاهرة،١٩٨٢.

٢- د. عبود السراج ، علم الأجرام وعلم العقاب،مطبعة ذات السلاسل،الكويت،١٩٨٥ .

٣- د . محمد معروف عبدالله، علم العقاب ، مطبعة الطباعة المركزية، بغداد،١٩٨٩.

٤- علي احمد جعفر ،فلسفة العقاب والتصدي للجريمة، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر،بيروت، ٢٠٠٦.

٥- زانا احمد بيرداود ،معوقات العمل الأصلاحي في سجون اقليم كردستان العراق، رسالة ماجستير،جامعة صلاح الدين ،كلية الآداب ،قسم علم الاجتماع ،٢٠٠٧.

٦- عبدالجبار عريم، طرق علمية حديثة في اصلاح وتأهيل المجرمين والجانحين، مطبعة المعارف، بغداد، ١٩٧٥.

٧- محمد سيد فهمي، الخدمة الاجتماعية في مجال الجريمة والعقاب، المكتب الجامعي الحديث، الاسكندرية، ٢٠١٢.

٨- هدى حامد قشقوش، أصول علمي الإجرام والعقاب، دار النهضة العربية، القاهرة، ٢٠١٣.


## دووەم : سەرچاوە لاوەکییەکان


١- محمد شلال العاني والمدرس علي حسن طوالية ، علم الاجرام والعقاب دار المسيرة، عمان ،١٩٩٨

٢- د. عادل يحيى ، مباديء علم العقاب ، شركة ناس للطباعة، القاهرة،٢٠٠٥

٣- د. محمد صبحي نجم ، أصول علم الأجرام والعقاب، دار الثقافة، عمان ،٢٠٠٨

٤- شرين عبدالحميد نبية ،السجون في ميزان العدالة والقانون ، منشأة المعارف، الاسكندرية، ٢٠٠٨.

## نمونەی پرسیارەکان کورسی دووەم

١- پشکنین چیە؟ و گرنگی لەچی دایە؟

٢- گرنگی پشکنینی عەقلی یان دەروونی یان کۆمەڵایەتی لە چی دایە؟

٣- باسی قۆناغەکانی پشکنین بکە؟

٤- پۆلێن کردن چیە؟ پێناسەی بکە؟

٥- ئامانجی پۆلێنکردن لە دیدی ڕێساکانی کەمی مامەڵە کردن کردن لەگەڵ بەندکراوان چیە؟

٦- لەبەرچی هەوڵ وکۆششەکانی پۆلێنکردن تەنها ئاراستەی بەندکراوە ماوە درێژەکان دەکرێ؟

٧- ئەو پرۆگرامانەی لە ڕێگای سیستەمی پۆلێنکردن بۆ بەندکراوان دادەنرێت چ لە خۆ دەگرێ؟

٨- پۆلێنکردن لە سیستەمی نوێدا چۆن بەندکراوان دابەش دەکات؟

٩- لەبەرچی لەناو بەندیخانە ڕەگەزی مێ لە ڕەگەزی نێر جیادەکرێتەوە؟

١٠- گرنگی جیاکردنەوە لەسەر بنەمای تەمەن لە چی دایە؟

١١- ئەو بنەمایانە چین کە دەبێت لیژنەی پۆلێنکردن ڕەچاویان بکات؟

١٢- چەند سیستەمی پۆلێن و پشکنینمان هەیە؟ کامیان باشترینیانە لەبەرچی؟

١٣- مەبەست چیە لە سیستەمی تەواو بۆ پشکنین و پۆلێنکردن؟

١٤- ئەو بنەمایانە کامانەن کە خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی جەختی لەسەر دەکات؟

١٥- پێناسەی خزمەتگوزاری تاك بکە؟

١٦- بۆچی فەترەی یەکەمی بەند کردنی بەندکراوان گرنگە؟ کە دەبێت لەلایەن توێژەری کۆمەڵایەتی بایەخی پێ بدرێت؟

١٧- توێژەری کۆمەڵایەتی لە بواری خزمەتگوزاری تاك بەچەند قۆناغ کێشە یان گرفتی بەندکراوان چارەسەر دەکات؟

١٨- قۆناغە زانستیەکانی چارەسەرکردنی کێشەی بەنکراوان لەبواری خزمەتگوزاری تاك بە چەند قۆناغ چارەسەر دەکات؟

١٩- باس لە ئامانجەکانی کارکردن بکە؟ لەگەڵ کۆمەڵ یان گروپ لەبواری خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی؟

٢٠- توێژەر چ ڕۆڵێکی هەیە لە ڕێکخستنی کاتی دەست بەتاڵی بەندکراوان؟ وە گرنگی لە چی دایە؟

٢١- ئەو ڕۆڵە پیشەییە چیە کە توێژەری کۆمەڵایەتی پێی هەڵدەستێ لە بواری ڕێکخستنی کۆمەڵگا؟

٢٢- ئامانجی سەرەکی لەخزمەتگوزاری تەندروستی لەچی دایە؟

٢٣- ئامانج یان گرنگی شێوازەکانی خۆپاراستن لەچی دایە؟

٢٤- سەبارەت بە شوێنی خەوتن و کارکردنی بەندکراوان ڕێساکانی لایەنی کەمی مامەڵەکردن لەگەڵ بەندکراوان چی دەڵێ؟

٢٥- سەبارەت بە خواردنی بەندکراوان یان ڕێسای (٢٠) ی لەڕێساکانی کەمی مامەڵە کردن لەگەڵ بەندکراوان چی دەڵێ؟

٢٦- سەبارەت بە جل و بەرگ چ دەڵێ؟

٢٧- ڕێسای (٢٤-٢٥) لەبواری تەندروستی باس لەچی دەکات لە بواری پشکنینی بەندکراوان باس لەچی دەکات؟

٢٨- گرنگی دروستکردنی متمانە لەنێوان بەندکراو لە بەندیخانە لەچی دایە؟

٢٩- مەبەستەکانی کارکردنی بەندکراوان بەچەند قۆناغ تێپەڕی بە کورتی دەستنیشانی بکە یان باسی بکە؟

٣٠- ئەو مەرجانە چین کە دەبێت لە کارکردنی بەندکراوان لەناو بەندیخانە دا هەبێت یان فەراهەم بێ؟
٣١- یاسای (١٨-١٩-٢٠) دام دەزگای گشتی چاکسازی کۆمەلایەتی لە عێراق چی دەڵێت لەبارەی ئیشکردنی بەندکراوان؟
٣٢- چەند سیستەمی کارکردنمان هەیە بیانژمێرە؟ کامیان باشترینیانە روونی بکەوە؟
٣٣- رێسای (٧٧) کەمی مامەڵە کردن لەگەڵ بەندکراوان سەبارەت بە فێرکردن چی دەڵێت؟
٣٤- گرنگی پرۆگرامی فێرکردن لەبەندیخانەدا لەچی دایە؟
٣٥- مەبەست چیە لە فێرکردنی گشتی؟
٣٦- مەبەست چیە لە فێرکردنی هونەری؟
٣٧- گرنگی بوونی کتێبخانە لەچی دایە لە بەندیخانە رێسای (٤٠) چی دەڵێت لەم بارەیەوە؟
٣٨- باسی گرنگی پرۆگرامی ئایینی بکە؟
٣٩- ئامانج لە پەروەردەی ئایینی چیە؟
٤٠- ئەو ئەرکانە چین کە دەکەوێتە سەر ئەستۆی مامۆستای ئایینی؟
٤١- سیستەم لەبەندیخانە چەند مانا لە خۆدەگرێ؟
٤٢- سزای تەمبێ کردن چیە؟ لەبەرچی لەسەردەمی وەك ئەمرۆدا سوکراوەتەوە بەشێوەیەك کەمیانرەوە و ئامانجی تۆڵە سەندنەوە نیە؟
٤٣- گرنگی بایەخدان بەگازندەی بەندکراوان لەچی دایە؟
٤٤- گرنگی پاداشت چیە؟ و چەند جۆری هەیە؟
٤٥- ئەو مەرجانە چین کە دەبێت لە سزای تەمبێ کردن فەراهەم بکرێ؟
٤٦- لەبەرچی دەبێت پشکنین بە درێژایی سزای زەوتکردنی ئازادی بەردەوام بێت؟
٤٧- ئەو مەرجە گشتیانە کامانەن کە دەبێت لە بینایەی بەندیخانەدا فەراهەم بکرێ؟
٤٨- شوێنی بینای بەندیخانە دەبێت لە کوێ بێت؟ وەلەبەرچی؟
٤٩- قەبارەی بینای بەندیخانە دەبێت چۆن بێت؟ ئەومەرجانە کامانەن کە دەبێت لەقەبارەی بینای بەندیخانە فەراهەم بکرێ؟
٥٠- رێسای (٣٧) ی لایەنی کەمی مامەڵەکردن لەگەڵ بەندکراوان سەبارەت بەسەردانکردن چی دەڵێت؟
٥١- یاسای سیستەمی چاکسازی کۆمەلایەتی هەرێمی کوردستان لە ماددەی (٤٠) سەبارەت بە مۆڵەتی خێزانی چی دەڵێت؟
٥٢- باسی مەرجەکانی مۆڵەتی چوونەماڵەوەی بەندکراو بکە؟
٥٣- باسی گرنگی مۆڵەتی چوونە ماڵەوە بکە؟
٥٤- باسی گرنگی پەیوەندی تەلەفۆنی بۆ بەندکراو بکە؟
٥٥- باسی گرنگی بوونی ئیدارەی سزای ناوەند بکە؟
٥٦- ئەو ئەرکانە چین کە دەکەوێتە سەر ئەستۆی ئیدارەی سزای ناوەند؟
٥٧- چەند جۆرە پشکنین هەیە؟ (تەفتیش)؟

٥٨- تەفتیش لە بەندیخانەکان گرنگی لەچی دایە؟ چەند جۆری هەیە؟ وە ڕێسای ( ٥٥ ) کەمی مامەڵەکردن سەبارەت بەو بابەتە چی دەڵێت؟

٥٩- ئەو پابەندیانە کامانەن کە دەخرێتە سەر فەرمانبەران لە فەرمانگە چاکسازیەکان؟

٦٠- ئازادکردنی مەرجدار چیە؟ وەگرنگی بۆ بەندکراوان لەچی دایە؟

٦١- ئازادکردنی مەرجدار چیە؟ وەگرنگی بۆ بەڕێوەبەرایەتی بەندیخانە چییە؟

٦٢- ئازادکردنی مەرجدار چیە؟ سوودی بۆ بەندکراوچیە؟

٦٣- ئازادکردنی مەرجدار چیە؟ مەرجەکانی پەیوەست بەسزادراوەوە چین یان بەماوە یان بەجۆری تاوان؟

٦٤- ئەو تاوانبارانەی کە ئازادکردنی بەمەرج نایانگرێتەوە کامانەن؟

٦٥- چاودێری دوایینە چیە؟ گرنگی لەچی دایە؟ چەند جۆری هەیە؟

# بابەتی چاکسازی تاوانباران - قۆناغی چوارەمی بەشی کۆمەڵناسی ئێواران

## مامۆستایی بابەت:

## پ. ی. د. زانا أحمد پیرداود

## م. ی. روستم صابر مصطفى